# تایبەتمەندییەکانی دەستوری هەرێم

مسعود عبدالخالق[1]

[1] سەرۆکی دەزگای ستاندارد، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

لەپێشووتر ئەزمونی دەستوری تایبەت بەکوردستان نەبوە, میرنشینە کوردیەکان تەنها لەدادگاکان کاریان بە شریعەت کردوە, ئەوەی هەیە لەسالی 1965 دەستورێکی پیشنیار کراو(13مادەیی) بۆ عیراق پیشنیار کراوە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە ,  27 سالیشە بەسەر ئەزمونی هەرێمی کوردستان ڕەت دەبێ , 11سالیشە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان بە ژ:27ی سالی 2008ز دەرچوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم  هیشتاش بێدەستورە , لەو سەردەمەش وولاتیك نیە لەجیهان بێ دەستور (نوسراو یان نەنوسراو),جاریش وایە ناوی تری هەلگرتوە , بۆیە بوونی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە , مادەی (120)ی دەستوری عیراقی ڕێی پێداوە دەستوری هەبێت.

بەلام چ جۆرە دەستورێك , دەستوری کوردستان تایبەتمەندی وناسنامەی خۆی هەیە, ئەوەش پالپشت دەکاتە سەر کۆمەلێك فاکتەری مێژوویی و سیاسی و یاسایی, هەم لە دەستوری عیراقیش (مادەکانی 3 و65  و115و 117 و120 و 121 و126و140و143)یارمەتیدەرینە و هەم هەندێ دەستوری ئەوهەرێمانەش یارمەتیدەرن کە لە پۆلی (حق الانفصال العلاجی (Remedial Secession وەك :خوارووی سودان وئەریتریاو تەیمورو کەتەلۆنیاوبیابانی خۆر ئاواو..

تایبەتمەندی دەستوری هەرێم  لە تایبەتمەندی ئەرکی حکومەتی هەرێم بەرجەستە دەبێت , حکومەتانی جیهان بەکۆی گشتی دوو ئەرکی بنچینەیی هەیە (یەکەم ئاسۆییانە هەلسوڕاندنی کاروباری خەلك لەهەمو ڕوەکان دوەم ستونیانە گەشەپێدانی شارستانی بەهەمولقەکانی ) ,هەرچی حکومەتی هەرێمە سێ ئەرکی هەیە ,ئەرکە زیادەکەی ئەوەیە لەقۆناغی گواستنەوەیە (گواستنەوەو گوزەری ڕزگاری نیشتمانی) , بۆیە دەستورەکەشی دەبێت گوزارش بێت لەو سێ ئەرکە ,لێرەوە تایبەتمەندیەکەی دەردەکەوێ,ئەو تایبەتمەندیە لە دیباجەی دەستورە پیشنیار کراوەکانی هەرێم هاتوە بەلام لەناوەڕۆکەکەی نەهاتوە.

بەو پێیە دەستوری هەرێمی کوردستان دوو ڕەهەندی بنچینەیی دەبێت ,یەکەم(گشتیە),  لایەنی(رزگاری کۆمەلایەتیەکەی)ی مەدەنی و سەردەمیانە ودیموکراسیانە دەبێت , دوەم لایەنی (رزگاری نیشتمانیەکەی) تایبەتمەندی ئەو دەستورە دەبێت .

**کلیلی ووشەکان:** تایبەتمەدی دەستوری هەرێم 2- مافی چارەنوس3- قۆناغی راگوزەر4- نەتەوە یەککگرتوەکان ..

---

## 1. پێشەکی

پێویستی وگرنگی دەستوربۆ هەریم :ئەو بونەوەرەی ئێمە بە یاسا بەڕێوە دەچێت, وەك (هینزپاچلیز) لەکتیبی(دستور الكون) دەلێ ئەو یاسایانەی سروشت دەستوری گەردونن (بۆل دیفیز 2010م: ص98-99 )،لەسەر زەویش زۆر جار بە (پەیماننامەی کۆمەلەی گەلان )ووتراوە(دەستوری جیهان), نەتەوە یەککگرتوەکان زۆر گرنگی بەدەستور داوە بۆ وولاتان ,تەنانەت هەندێ دورگەی زۆر بچوکی ئیستعماری هەیە خۆی هەلساوە بە دروست کردنی دەستور بۆیان, لەوانە سانت هیلانا ناگاتە3000کەس , بۆیە(دومینیك اورفوا) دەلێت بەدیلی  یاساو دەستور لەناو میلەتان بریتیە لە نەفامی و بەربەری ، لەکۆنەوەش ووتراوە بوونی یاساو دەستوری خراپیش لەنەبوونی باشترە , ئیستا وولاتیك نیە لەجیهان بێ دەستور(نوسراو یان نەنوسراو),جاریش وایە ناوی تری هەلگرتوە,لەوانە:الصحيفه(مەدینە) ,مەشروتیە (عوسمانی) ,ئەنایاسا (تورکیا), یاسای بنەڕەتی(ئیران),نیزام ئەساسی(عومان) ,لائحه الحقوق (سعودیە),قانون ئەساس (ئیسرائیل)  ...., جاری تریش وایە لە وولات هەم دەستور هەبوە هەم حزبی فەرمانڕەوا بۆخۆشی دەستوری هەبوە, دەستوری چینی 1954 لە 106مادە پێکهاتبوو لەتەنیشتی دەستوری حزبی شیوعیش لە (5) باب پێکهاتبووکە لەکۆنگرەی 10ی سالی 1973 بەرجەستە بوو , بەهەمان شێوە عیراقیش خاوەنی دوو دەستور بوو دەولەت وحزبی بەعس, بۆیە بوونی دەستور بۆ هەرێمی

---

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی بەشی قانون، فاکەڵتیی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە لە ژێر ناونیشان: بەرەو دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ کوردستان – عێراق © ٢٠١٩
27-28 تشرینی دووەم 2019
ئیمەیلی تۆژەری یەکەم: abdkaliq@gmail.com
مافی لەبەرگکردنەوە و بڵاوکردنەوە © 2019 ناوی تۆژەران: مسعود عبدالخالق

کوردستان زۆر پێویستە, لەهەمان کات توێژینەوەش لەبارەی دەستور گرنگە ، ئەوە لەکاتێکایە مادەی (120)ی دەستوری عێراق رێی پێداوە دەستور بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت ,ئینجا 11ساڵیشە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان بە ژ:27ی سالی 2008ز دەرچوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم .

کێشە سەرەکیەکەی : لەپێشوو تر ئەزمونی دەستوری تایبەت بەکوردستان نەبوە, میرنشینە کوردیەکان کاریان بە شەریعەت کردوە لەدادگاکانیان , دەستوری عوسمانی لەسالی 1876ز بەدواوە دەست پێدەکات ودوایش نۆرەی دەستوری عیراق دێت لەدوای 1925ز , ئەوەش لەوکاتانە دێت کە میلەتی کورد بە سەلبی روانیتیە ئەو دەولەتانە بۆیە دەستورەکانیشی هەروا هەژمار کردوە , ئەوەی هەیە لەسالی 1965 دەستورێکی پێشنیار کراو(13مادەیی) بۆ عێراق پێشنیار کراوە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە , 27 ساڵیشە بەسەر ئەزمونی هەرێمی کوردستان رەت دەبێ هێشتا بێدەستورە , ئەوەش گوزارش لەوە دەکات کە بەو ئەندازەیە خولیای دەستور نینە , ماناشی وایە ئامرازێکی سازاو نیە بۆ رێکەوتن لەسەر ناوەرۆکی دەستورو چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەلاتەکان , کەمتر ئەزمونی دەستوریش هەیە بۆ ئەو هەرێمانەی پێش سەربەخۆیی تا سودیان لێوەرگرین.

**بەشی یەکەم**

### ئەو دەستورانەی حوکمی کوردستانی پێکراوە

بۆ دارشتنی دەستوری هەرێم لە ئێستادا پێویستمان بە 3 تەوەر دەبێت کە پانۆرامای دەستوری کوردستان پێکدەهێنیت , ئەزمونی دەستوری لەکۆنەوە (بەو ئەندازەیەی پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە) ئینجا دەستورەکانی عوسمانی , هەرە دوایش دەستورەکانی عیراقی , هەرێم کەمتر بەشێك بوە لە حوکمی ئێرانی کۆن ونوی بۆیە ئەومان باس نەکردوە, لەو 3 تەوەرەش ئەوەی دوای (واتە دەستورەکانی عیراقی)زیاتر کاریگەریان لەسەر پرسی دەستوری هەرێم دەبێت.

**تەوەری یەکەم -ئەزمونی دەستوری لە مێژوودا**

وەك زاراوە واپێ دەچی لە بنەچەدا دەستوور ووشەیەکی کوردی یان فارسی بێت( بستانی 1930: ج1 766) ، لەسەدەی 19پەرپەوە نێو فەرهەنگی عوسمانی دوایش عەرەبی بۆیە لە(لسان العرب) ئەو زاراوە نیە کەچی لە(قاموس المحیگ- خاوەنەکەی عەجەمە) هەیە, لە فەرهەنگە کوردیەکان بەمانای بنەگە هاتوە ، کە دەلێن دەستوری کوردەواری بەمانای داب و نەریتە رەسەنەکان دێت , لە شاهنامە دەلێت لە بنەچەدا لە ئاینی زەردەشت بەوەزیری یەکەم ووتراوە دەستور(فردوسی 1932م: 342 )،لە قاموسی تورکی کۆنیش هەر واهاتوە ( ش سامی 1964م: 609-610) جەرجانیش دەلیت: جاران بە وەزیری دەستە راست یان وەزیری گەورە یان ئەو وەزیرەی زیاتر لە ئیش و کاری خەلکی پێچاوەتەوە وتراوەدەستوور( جرجانی 1986 :61)،لە ئێرانی کۆنیش بەو دەفتەرە وتراوە دەستوور کەمانگانەی سەربازەکانی لێ تۆمارکراوە(مسعود عبدالخالق 2014ز: 233), بە پێی سەرچاوەیەکی وەك (Ahistory of Greekpolitical thought) ئەوا ئەسلی یاساو شەریعەت ئاینیە, هۆبزیش دەلێت سیاسەت ویاسای مەدەنی بەشێك بوە لە ئاین (توماس هوبز2011م: 126 . )

هەولدراوە لە شارستانیەکانی کۆن جێکەوتی دەستور بدۆزنەوە , جار وایە یاساکانی حمورابی بەکۆن ترین یاسا هەژماردەکەن( مجلە کلیە الاداب –جامعە بغداد 1961م: 7) , بەلام رۆلی دەستوری نەبینیوە , بۆیە گەلێ جاری تر دەگەرێنەوە سەر ئەزمونی یۆنانی و گەلالەکانی ئەرستۆکە جیاوازی کردوە لە نێوان دەستور (politeia)ویاسا (nomoi) - (Encyclopædia Britannica library p704 : 2013)، بەلام روون تر لەهەموان سۆلۆن(باپیرەی ئەفلاتون) بە باوکی دەستوری ئەسینا دیاری کراوە لە (592 پ ز.(

لە سەردەمی محمد(د خ) لە دەولەتی مەدینە دەستوور هەبووە ناوی (الصحیفە) (محمدعمارە بدون سنە : ص37) , بۆ سەردەمی نوێش (ماگناکارتا- پەیمانامەی مەزن) بەیەکەم ئەزمونی بەریتانیا هەژمار دەکرێ- کە لە ساڵی (1215)ز لە لایەن شا جۆن سانتیر دەرچووە 63 مادە بوو , یەکەم بەلگەنامەی دەستوری فرنسی لەسالی 1789 دەرچوو بەناوی ( إعلان حقوق الإنسان والمواگن ) دوایش دەستوری

فرنسی لە 1791وەك دەستوری نوسراو دەرچوو, جاریش وایە دەگۆترێ دەستوری تونسی(1857)ز لە لایەن (محمد بای دووەم)پێش فرنسا بوە, بەلام شێوە کۆدەنگیەك هەیە کەدەستوری ئەمریکی سالی 1776 بە باوکی دەستورەکانی ئێستا هەژمار دەکرێت , ئەوسا دەستورێکی کۆنفیدرالی بوو دوای دەستوری

فیدرالی 1787 دەرچوو, دوای بەرەبەرە پەرپەوە بۆجیهان(مسعودعبدالخالق 2015ز: ب1 234 . )

ئەو بزوتنەوە دەستوریانە زیاتر گوزارش بوو لە سەرکەوتنی چینی برجوازی ولیبرالی وبازاری ئازاد بەسەر دەرەبەگی( شیبانی 1954م : 10) بۆیەش وا لەکاتی شۆرشی فرنسی هاوار دەکرا بمرێ هەموو بەلام بژی دەستور (گوستاف لوبون 2014م: 170), لەساڵی 1839 لە سەردەمی (سوڵتان عەبدولمەجید)گەیشتە نزیك کوردستان ولە دەولەتی عوسمانی جۆرە دەستورێکی(نەك دەستوری تەواو) تێکەلاً بەنیوە عەلمانی(پێك هاتو لە بنەماکانی شورشی فرنسی) و نیوە ئیسلامی دارژرا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی خەلافەت دەستورێك دارژرا کە (سەرچاوەی بەتاقی تەنها شەریعەتی ئیسلام نەبێ) ،دوایش ئەزمونی دەستوری فەرمی لەسالی 1876ز هاتە ناو دەولەتی عوسمانیش ,لەسالی 1925یش بۆ عێراق کە لەبرگەی داهاتوو زیاتر باسیان دەکەین .

**تەوەری دووەم –کاریگەری دەستورەکانی (عوسمانی وعیراقی) بەسەر کوردستان**

دوو ئەزمونی سەرەکی هەیە لەو بارەیەوە , یەکەمیان عوسمانی و دووەمیشیان( کە زیاتر کاریگەری راستەوخۆی هەیە) دەستورەکانی عیراقیە , هەریەکەیان بە ئەندازەی خۆی لەسەری دەوەستین :

یەکەم –دەستوری عوسمانی : پێش ئەوەی دەستور لە عوسمانی بەرجەستە ببێت خەت همایۆنی وگولخانەو نیزامخانە وفەرمان.. هەبوو بۆناوەخۆ ,بەلام بۆ دەرەوە تارادەیەك رێکەوتن وفەرمانەکانی سولتان ئەو رۆلەی دەبینی ,بەتایبەتی بۆ کوردستان , زۆربەشی بەندێکی وای تێدا بوو کە میرنشینە کوردیەکان بتوانن بە میرات دەسەلاتەکانیان بگوازنەوە بۆ نەوەکانیان , گرنگترین رێکەوتنی وا (نزیك لەدەستوری) رێکەوتنی سولتان سەلیم لەگەلاً (23) ئیمارەتە کوردیەکە بە سەرپەرشتی (شێخ ئیدریسی بەدلیسی-لە 1514) (بدلیسی 2006ز: 453) ،چونکە پێك هاتبوو لە خالی دیاریکراو و بەلگەنامەو پابەندی هەردوولا نەك ملکەچی لایەك بۆ بریار و رێکەوتنانە, پوختەی خالەکانیش بریتی بوون لە:

1- سەربەخۆیی ئیمارەتەکان.

2- سولتان دانی پیا بهێنێ و بە میراتی دەسەلاتیشیان.

3-4- هەردوو لا یارمەتی یەکتر بدەن لە کاتی هێرشی دەرەکی. ( حمدی 1992م: 16-17 . )

http://dx.doi.org/10.14500/tmc2019.NCR240

خالى(3و4) بەهایەکى یاسایى ودەستورى هەیە، پێك هاتووە لە (دفاع المشترك)، واتە شەخسیەتى یاسایى بۆ حساب کراوەو پابەندى و بەرپرسیاریەتى یاسایى خراوەتە ئەستۆ , لە بەرامبەریشدا لایەنى تریش بە هەمان شێوە، (کۆمیتەى ئیستیقلالى کورد) ناوەرۆکى ئەو ڕێکەوتنەى لە نامەکەیدا لە 7/ 12 /1918 بۆ بەریتانیا دەرخستوە، تیایدا باسى لەوە کردووە کە کورد بەئارەزووى خۆى ئەو ڕێکەوتنە چاکەیان لەگەڵ سەلیم مۆرکردووە (بەڵگەنامەى بەریتانى وفرنسى- و: نەجاتى عبداللە 2007ز : 39 ) , لە بەڵگەنامەیەکى ترى( بریتانیا ژ: 608/95- ڕاپۆرتى بەریتانى ـ کۆلۆنیل ئیفلینستۆن) هاتووە و دەڵێ: ئەو ڕێکەوتنەى کوردو عوسمانى تا ساڵى 1826ى خایاند، بووە هۆى دروست بونى 11 ئیمارەتى تر ،د.کمال مەزهەر هەمان ڕاى هەیە دەڵێ: تا سالى 1826سوڵتان محمدى دووەم هات ئەو ڕێکەوتنە تێکچو( د کمال مەزهەر 2008ز: 222) ، لە هەندێ سەرچاوەى تر دەڵێن: کورد زۆر قازانجیان لەو ڕێکەوتنەکردو 4 سەدەى خایاند تا لە سەردەمى سوڵتان محمود لە1833ز سیستەمى مەرکەزیەتى پیادەکرد کۆتایى هات ( سعد اسکند بشیر 2007م: 24 ) ، ئەو ڕێکەوتنە کاریگەرى زۆر بوو دەسەلاتەکانى کوردى زۆر کەوتنە ژێر کاریگەرى ئیدارى وسیاسى عوسمانى , زۆربەى میرنشینە کوردیەکانیش بەبێدەستورو یاسایەکى دیارى کراو حوکمیان کرد ,تەنها لە دادگاکان شەریعەتیان پەیڕەودەکرد, ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە بو تا جارێکى تر ڕاستەوخۆ داواى دەستور کرا لەلایەن مدحت پاشاو بزوتنەوەى عوسمانى لاو , بەناوى مەشروتیە , دواى بزوتنەوەى مەشروتیە بوە خواستى گشتى و لە 1876/10/24 یەکەم دەستور پەیڕەو کرا بەناوى (یاساى بنەڕەتى) , پیکهاتبوو لە لە 119 مادە, زۆر کاریگەر بوو بە دەستورى فرنسى وبەلجیکى (مسعودعبدالخالق 2014ز: چ2 ب1 234 ) .

دووەم - دەستورەکانى عیراق: سەربردەى دەستورى دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیاکان بە پاڵپشت کردنە سەر مادەى (1)ى چەکى ئینتدابى (کۆمەلەى گەلان),دواى لە مادەى (3)ى ڕێکەوتنەکەى بریتانى وعیراقیش چەسپا بوو-دەقى ریکەوتنەکە لە(الحسنى 1983:ج2 37) , لەسەر ئەو بنچینەیە (ویلسۆنى مەندوبى سامى) لیژنەیەکى پێکهێنا لە: (بۆنهام کارتەر- سەرۆك، میجر یۆنگ، مستەرئەدوار، مستر فیدرسۆن) بۆ نوسینەوەى دەستورى عیراقى , بە ئینگلیزى نوسرایەو( مس بیل1977م:135) ,دواى بەبێ دەستکارى لەلایەن لیژنەیەك (ناجى سویدى، ساسون حسقیل، رستم حیدر..) وەرگێردرا بۆ زمانى عەرەبى بەناوى (قانون الأساسى ـ organic Lows) )الجبورى 1989 م: 110) لە مانگى 1924/7 پەرلەمانى عێراقیش پێى قایل بوو، لەڕۆژى 1925/3/17 بەفەرمى بڵاوکرایەوە وەك یەکەم دەستورى دەوڵەتى عێراقى پیکهاتبوو لە 10 باب و 125مادە , تیایدا لەگەڵ گیانى ئینتداب دەهاتەوە، لە ڕاپۆرتەکانى بەریتانیاش ئەو ڕاستیە دەردەکەوت کە بۆ کۆمەلەى گەلانى ناردوە (فورستر.1989م ج2 298) , (معروف الرصافى) شیعرێکى بەسەر هەڵداو ووتى:

أسماو ليست لنا سوى الفاظها     أما معانيها فليست تعرف

من يقرأ الدستور يعلم أنه     وفقا لصك الأنتداب مصنف (عبدالرزاق محمد اسود- 1986 : ج2 556-557) بە پێى هەندى توێژینەوەى تر دەستورى عیراق لە ژێر چوار کاریگەر هاتۆتە کایەوە: 1-بەرژەوەندى بەریتانى 2- هێزەئاینیەکان 3-هێزە عەشایرەکان 4-بنەماڵەى مەلیك (شیبانى 1954: 14-21).

دواى ئەو ئەو دەستورانە هاتن: } 1-دەستورى کۆمارى 1958 پیکهاتبوو لە چوار باب و 30 مادە .2- دەستورى کاتى 1964 پیکهاتبوو لە 6 باب و 106 مادە 3- دەستورى کاتى 21/ئەیلولى/1968 . پیکهاتبوو لە 5 باب و 95 مادە 4-دەستورى هەموارکراوەى 16/یۆلیۆ/ 1970 5- پرۆژە دەستورى 7/تموزى/1990 6-قانون إداره الدوله المؤقت فى العراق-کە لە 30/یۆنیۆ/2004ز دەرچوو پیکهاتبوو لە 62 مادە )7-دەستورى فیدرالى 2005. { بۆ هەمو ئەو دەستورانە بڕوانە :(المعهد الدولى لحقوق الانسان 2005م: 55و 63 و79و119 و161 ).

### تەوەرى سێیەم : کاریگەریان بەسەر نەریتى دەستورى هەرێم

دەستورەکانى ئەگریك و ڕۆمان ویۆنان ..ئەوەندە کاریگەرى بەجێنەهێشتوە بەسەر نەریتە دەستوریەکانى کورد ,هەروەك بۆ میلەتانى ترى جیهانى ئیسلامیش ,زیاتر شەریعەتە ئاینیەکان ئەو کاریگەریەیان بەجێهیشتوە , بەلام دەستورى فەرەنسى 1789ز ئەو برە کاریگەریەى هەبوە لە ڕێى دەستورى عوسمانى , هەر خودى بزوتنەوەى ئیتحادو تەرەقى لە 1889/7/14 جاڕدرا کە یادى 100 سالەى شۆڕشى فرنسیە( مسعود عبدالخالق 2014ز: 42), تێکڕاى دەستورى عوسمانى (مەشروتیە) لە4368 ووشە پێکهاتبوو نە ناوى تورك نە ناوى میلەتانى ترى تیا نەهاتبوو ، ئەو مادانەى پەیوەندیدار بوو بەمیلەتانى تر (بەکوردیشەوە ) ڕاستەوخۆ نەهاتبوو, زیاتر سەروەرى درابوە عوسمانى (نەك تورکى) وەك لەمادەى 8 هاتبو , لەمادەى 65 تا80 سەبارەت بە پەرلەمان بوو (کە بە مەبعوسان ناوزەد دەکرا) کە بۆ هەر 100000 هاوولاتى "مەبعوسێك" دیارى کرابوو , بە پێى مادەى(71)ى دەستورى عوسمانى (مەبعوس) نوێنەرایەتى هەمووميللەتانیان دەکرد نەك هەر بازنەکەى خۆى, لەدواى مادەى 108 هوە باسى ویلایەتەکانە, زۆرى نەخایاند سولتان عبدالحمید لە 14/فبرایر/1878 دەستورى ڕاگرت, ئەویش لە ئەزمونى فرنسى وەرى گرت لە نێوان 1879ز تا 1875 ز پازدە جار دەستور هەڵدەوەشایەوە هەموار دەکراو چاکدەکرا , لە دواى ئینقلابى ئیتحادوتەرەقى جارێکى تر دەستورەکەلە 1908/7/24 هاتەوە بەناوى (مەشروتیەى دووەم ) , بەلام سەردەم گۆڕا ڕابوونى تورکایەتى جێگەى عوسمانى ئیسلامى گرتەوە . دەقى دەستورەکە (بنى المرجه 1984م: ص438 ).

ئەو دەستورانە کاریگەرى زۆرى هەبوو بەسەر کوردستان بە ئەرێنى ونەرێنى , دەسەلاتى کوردى پەیڕەوى نەریتى دەکرد لەجیاتى دەستور, بەلام لەدادگاکان کاریان بە شەریعەت دەکرد, دواى بە بە پێى مادەکانى( 81-91) دەستورى عوسمانى ئەو سەروەریە لەشریعەت وەرگیرایەوەو زیاتر بوە دادگایەکى مەدەنى, لە رووى سیاسیشەوە بوە هۆى سەرهەلدانى چەندین دەستەو تاقم وحزبى,لەوانە: (کۆمەلەى عەزم – یەکێتى محمدى 1908ز – تەعالى وتەرەقى کوردجمعیەتلەرى کەلە 2/تشرینى یەکەم/ 1908 دروست بوو ناوو ناوەرۆکى بە ئیتحادوتەرەقى تورکى دەچوو(مسعودعبدالخالق(ناسنامەى حزبە کورد ستانیەکان) 2014ز : 70), چەندین گۆڤارو بلاوکرایەوە دەرچوون ,یاساى ڕۆژنامەگەرى 1908ى عوسمانى تاسالى 1931 لە عیراق کارى پێدەکرا, هەر لەدوا دەستورى عیراقى (مادەى 49)وەك دەستورى عوسمانى بۆهەر 100000کەسێك پەرلەمانتاریك دیارى کرا ..زۆرى تریش.

ئێوانى تورك وغەیرە تورك لە نێو عوسمانى بۆیەکەم جار وەرچەرخا بۆ نەتەوەو پێکهاتەى سەردەست(ناردۆ) وئەوانى تر بندەست(ناردۆنیست) , بیرو هۆشى نەتەوەیش زیاتر کەوتە کوردستان کە پیشووتر بەگشتى کەم بوو , لە کۆتایى دەسەلاتى عوسمانى جۆرە نەخشەیەکى ڕەگەزى و سیاسى هاتە کایەوە ،بەتایبەتى

لەسەردەمی ئیتحادوتەرەقی ولەهەلبژاردنی مەبعوسان(پەرلەمانی عوسمانی دوای 1908) سەرجەم 143ئەندام بۆ تورك بوو 130 ئەندام بۆ غەیرە تورك بوو (أمين سعيد- 1999: 10 -11) 17ئەندامی مەبعوسانی عیراقیشیان هەبوو , دیاری کردنی ڕێژەی عەشایربە 20%وباقیەکەی تر مەدەنی لە (یاسای هەلبژاردنی عوسمانی )وەرگیرابوو (صالح جواد كاظم 1981م:3و10) ،کۆمەلێك ئەندامی کوردی سەرانسەری کوردستان لە ژێر سایەی ئەو دەستورە بوونە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی ،لەوانەی باشوری کوردستان : حكمت بابان و حاجی ملا سعید لە سلیمانی ، محمد على قيردار وصالح باشا نەفتچی ،لەسەر میلاكی بەغداش اسماعیل حقی بابان... , هەر لەسەر بنچینەی پەیڕەو کردنی دەستور تورکەکان بوونە دوو بەش,ئاینیەکان لە ئەستەمبۆل دریژەیان بە خەلافەتی عوسمانی دا ,لائیکە نەتەوەییەکانیش بەسەرۆکایەتی ئەتاتورك ئەنقەرەیان کردە پایتەختی خۆیان ,کوردەکانیش بوونە دوو بەش ,لایەنە ئاینیەکان زیاتر لایەنگری مەشروتیەی یەکەم وئەستەمبۆل بوون -بڕوانە بەلگەنامەی بەریتانیا (8/4/1920 - f0.371/5068 ) ,شێخ عبدالقادر شمزینی و شریف پاشا و شێخ سەعید پیران و نەوڕەسی و هەندێ لە بەدرخانیەکان و هەندێ دەستەی تری کوردی و ئایینیەکان کە دیڤیدماکدۆنال ناوی لەوانە نابوو کوردی ئەستەمبۆلی (مسعودعبدالخالق 2014ز - رۆلی عەلمانی .. : 86) , سیکۆلاریەکانیش لایەنگری ئەنقەرە بوون, پێیان وابوە دەوڵەتی تورکیای نوێ بە سەرکردایەتی ئەتاتورك باشتربڕوانە:( بەلگەنامەی بریتانی ژ: 620/م -1742 ه1920/3/18 - كمال مظهر 2008ز: ب1 77), شیخ عبدالقادرشمزینی (ڕابەرایەتی بەرەی ئاینی کوردی دەکرد لەوکاتی) پێی وابوە ئەوەی لەڕێی عوسمانی دێت ڕاست ودروست ترە لە بەڵێنی بێ بنەمای ئەتاتورك وفروفێلی بەریتانیا( برقيه رقم/ 401 الى \ وزاره الخارجيه البريگانيه : استنبول 18 نيسان / 1920) ، بە پێی بەلگەنامەی بریتانی فرید پاشای سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبۆل ـ سوڵتان واحدالدین) لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان بوە ) , (-1920 FO.371/5067دوای هادی پاشاو دکتۆر رەزا وەك نوێنەری ئەستەمبۆل مۆریان لەسەر 3 مادەکەی سیڤەر سەبارەت بەکوردستان کرد ,بەلام ئەنقەرە ڕازی نەبوو(ناوخۆش ومسعودعبدالخالق 2009ز: چ3 36) , بەختی کورد ئەنقەرە بەسەر ئەستەمبۆل زال بوو بۆیە کاریگەریە نەرێنیەکان پەڕیەوە بۆ دەستوری تورکیای نوێ , (ANA YASA) کەلە مادەکانی (1 و2 و 66) تەنها نەتەوەی تورکی تیا تۆمارکرا لە مادەی (66)ی بە ئەدریسی (Türk vatandaşlığı)وادەلیت هەرچی لە تورکیا بێت تورکە بڕوانە ana ): yasa1982م: 3),بەلام بەهۆی ئەوەی باشوری کوردستان بە پێی (مادەی 62 ی سیڤەر ئینجا بڕیاڕی کۆمەلەی گەلانی ژ: 37ی رۆژی 16/ کانونی یەکەمی/ 1925 )لە تورکیا جیاکرایەوە ئەو کاریگەریە زۆرەی کەوتە سەر کورستانی سەروو نەکەوتە سەر کوردستانی باشور , بەلکو باشور کەوتە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی دەولەتێکی نوێی دروست کراو لەلایەن بەریتانیاوە بەناوی عیراق , کەلە دەستورەکەی (بابی 8 مادەی 113هەتا مادەی 117) باس لە کاریگەریەکانی دەستوری عوسمانی ویاساکانی دەکا , بەلام بەهەمان بڕیش باسی کاریگەری یاساو ڕێنماییەکانی سەرکردەی گشتی هیزەکانی بەریتانیا لە عیراق دەکات (مادەی 114) کە لە بڕگەی داهاتوو باسیان دەکەین .

کوردستان لەدەستورەکانی عیراق : لەکاتی داڕشتنی دەستوری عیراقی هێشتا بەتەواوی چارەنوسی کورد بەلای عیراق یەکلا نەببۆوە , هەروەك لە ڕێنماییە 14مادەییەکەی (لائحه تعليمات لهيئه الإداره العراقيه لعام 1920) بەریتانی دەردەکەویت هیچ ڕێنماییەکی بۆ کوردستان تێدا نیە ,بۆیەش ئەوکاتی ئالای عیراق لەسالی 1921 یەك ئەستێرەیی بوو(مس بيل 1977: 346) دوای دەبێتە دوو ئەستێرە ,لەکۆنگرەی قاهیرە 1921چەرچل ڕای وابوو مادەکانی (62-63-64)ی سیڤەر ڕەچاو بکریت بۆ کوردستان , لەلای (کۆمەلەی گەلان –دانیشتنی ژ: 37ی سالی 1925 )یش تازە ویلایەتی موسل بۆ عیراق یەکلا ببۆوە بەو مەرجەی عیراق 25 سال بمێنێتەوە لە ژێر ئینتداب (تقرير لجنه عصبه الامم الخاصه بحل النزاع التركى –البريگانى حول ولايه الموصل 2009م: 227 ) ,دوای بە پێی نوسراوی ژ: 4\3330 رۆژی 1921/2/22 برسی کۆکس داوای لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کرد باشوری کوردستان بخرێتە سەر عیراق , پەرلەمانی عیراقیش لە 8/31/ 1925 قایل بوو بەو مەرجە 25 سالیە (سعد سلوم 2014م :221 ) ,بەلام لە یەکەم دەستوری عیراقی کەمتر ئەو وەرچەرخانە ڕەنگی دابۆوە , لەو دەستورە زیاتر هاوولاتی بوون ومەدەنیەت و پرسی ئینتیداب زال بوو بەسەریدا , سەرەڕای ئەوەش هەندێ مادەی تیابوو کاریگەری لەسەر هەرێم هەبوو, مادەی (4) کە ئالای عیراق دیاری کرا بە دوو ئەستێرە گوزارش لە بوونی کوردو عەرەب , نەك تەنها دوو گەل بەلکو دوو هەرێمیش وەك لەنامەکەی مس بێلی رۆژی 8/28/ 1921م دەردەکەوێ (مس بيل - 1977م : 188),ئەوەش گرنگ بوو بەمانای هاوبەشی , هەر بەپالپشت بەو مادەیە (قانون شعار الدوله العراقيه) ژ:25ی سالی 1931 دەرچوو پیکهاتبوو لە (4 )مادە لەمادەی (1) ئەویاسایە دووبارە داکۆکی لە دوو ئەستێرەو دوو گەل ودوو هەریم دەکاتەوە , لەمادەی دوەمی دەستورەکە باس لەعێراقێکی یەك پارچەیی دەکا ,لە بابی (7) سەبارەت بە هەرێمەکان بوو کەلەمادەی 109 دەست پێدەکا تا مادەی 112 - دەقی ئەو دەستورە (المعهد الدولى لحقوق الانسان 2005م :9), لەدوای بزوتنەوەی 14ی تموز دەستورێکی کۆماری جێی مەلەکی دەگرێتەوە , زۆرێك لە ڕەوشەنبیرانی کوردو حزبەکانی ئەو سەردەم پێیان وابوو مادەی (3)ی ئەو دەستورە بۆ یەکەم جارە دان بە هاوبەشی کوردو عەرەب دەنێت لەو وولاتە ..واپێدەچی زۆر وورد نەبن , چونکە مادەی 4ی دەستوری مەلەکی زیاتری لەوە تێدا بوو(وەك لەسەروو باس کرا) , ئینجا لەدەستوری کۆماری 1958 بۆ یەکەم جار لەمادەی(2) نکولی لە بوونی کورد دەکا کە دەلێت عیراق بەشیکە لە ئومەی عەرەب , ئیتر ئەو مادەیە لەدەستورەکانی دوای خۆی دووبارە دەبێتەوە , لەدەستوری 1964 کەوتە مادەی(1) و لەمادەی 19 لە پەراویزی یەکسانی عیراقیەکان مافێك بۆ کورد دادەنێت ناویشی بەگەل نابا بەلکو بە (مافی نەتەوەیی) ووشەی (اكراد)بەکار دەهێنێ , پرسی هەرێمەکان و لامرکزی هەر نەما , دەبنە (ئیدارە محلى: مادە 83 و 84) , لەدەستوری 1968 بەهەمان ناوەڕۆك هاتەوە , ئەو جارە دەزگای (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش)یشی زیاد کرد(مادە: 41 هەتا 44) , بەلام لە ڕێکەوتنی ئاداری 1970 ئەو دەستورە بە ئاڕستەیەکی ئەرێنی هەموار دەکرێت , مادەی تازەی بۆ زیاد دەکرێت لەقازانجی کورد ودوای لە دەستوری 1970 لە مادەی (5) و(7)بەرجەستە دەبێت و تیایدا هاتوە : گەلی عیراق پیکهاتوە لە دوو نەتەوەی عەرەب وکورد زمانی کوردیش دەبیتە فەرمی , دوای لە 11ی ئاداری 1970 مادەیەکی تریش زیاد کرا بە پێی بڕیاڕی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژ: 247 ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرایەتی کوردن , ئەو مادە هەموارکراوانە لە پرۆژە دەستوری 1990دووبارە بۆوە لەمادەکانی (6)و (12) . بەلام هەر ئەوە دووبارە دەکراوە کە: ناوچەی کوردستان بەشێکی جیانەکراوەی

عیراقەو گەلی کوردستانیش بەشێکە لەگەلی عیراق وەك لە برگەی(د)مادەی (1)ی (یاسای ئۆتۆنۆمی بۆناوچەی کوردستان )هاتوە , بۆ سەرنجدانی ئەو دەستورانەی عیراق بروانە (المعهد الدولی لحقوق الانسان (جامعه دی بول ) 2005م : ص7 و55و63و79 و119و161. )

لەدوای ئەو دەستورانە قۆناغێکی نوێ (تەواو جیا) لەدوای 2003ز دەست پێدەکات ,سەرەتا ( قانون إداره الدوله المؤقت فی العراق)لە 30/یۆنیۆ/2004ز دەرچوو پێکهاتبوو لە 62 ماده , لە مادەی 53 دان بەحکومەتی هەریم دەنێ بەهەمو مانا یاساپی وئیداری و جوگرافیەکانیەوە , لە مادەی 54 بنچینەی یاسایی بۆ بەردەوامی دیاری دەکات , برگەی (ب)ی ئەو مادەیە پالپشتێکی گرنگی (تایبەتمەندیەکانی دەستوری هەرێمی کوردستانە), کە لەدوایی باسی دەکەین ,لەگەل کۆمەلێك مادەی ترسەبارەت بە تەعریب و ستەم و زەوی وزار ...زۆربەیان لە دەستوری 2005 جاریکی تر بەرجەستە بوونەوە , بۆ یەکەم جار لەو دەستورە لە مادەی (1) سیستەمی دەسەلات دەبتە فیدرالی , لە بابی(5) لەمادەی 116 تا مادەی 120 دەسەلاتی هەرێمەکان دارژرایەوە لە چوارچێوەی فیدرالی(مادەی 117) ,جاریکی تر لەبەشی سێیەمی ئەو توێژینەوە دەگەرێینەوە سەر درێژەی ئەو دەستورە .

ئەو مادە دەستوریانە بوێری بە فتوایەکی سیستانی (سەبارەت بەفیدرالی) دا کە لە بە بەلگەنامەی ژ: 53 دەرچوە( النصوص الصادره عن السید السیستانی فی المسألە العراقیه 2009م: 280), زۆربەی وولاتانی ئارام وپێشکەوتو لەجیهان سیستەمی فیدرالی پەیرەو دەکەن.

**بەشی دووەم**

**تایبەتمەندی دەستوری هەرێمی کوردستان**

**تەوەری یەکەم- بنچینەو پاساوی ئەو تایبەتمەندیانە**

سەرچاوەی تایبەتمەندی دەستوری هەرێم لە رەهەندەکانی مێژوویی و جوگرافی وسیاسی ویاسایی و دێت , زۆر بەکورتی:

1- بونی هەرێمی کوردستان بە سنورێکی دیاریکراو زیاتر لە 8سەدەیە ,لەسەر دەمی عوسمانی ویلایەتی سەربەخۆ بوە (عیهان علی 2010م: 114), لەپێش دروست بوونی دەولەتی عێراقی لەسالی 1921 هەرگیز کوردستان لەنێو عێراقێکی سیاسی نەبوە.

2- هەرێمی کوردستان لە رێکەوتنامە نێودەولەتیەکان دانی پیا هێنراوە بەتایبەتی لە سیڤەر وسان رێمۆ ,ئینجا عیراق وکوردستان لە کۆنگرەی سیڤەر بەدوو مادەی جیا لە عوسمانی جیاکرانەوە, عیراق بەمادەی 94 وکوردستانیش بە مادەی (63).

3- هەرێم خاوەنی هەرسێ پایەی یاسایی دەولەت بوو(هەرێم و گەل و دەسەلاتی سیاسی)کە بە روونی دەکەوێتە بەر حوکمی مادەی (1)ی ریکەوتنامەی مونتیڤیدیۆی 1932 سەبارەت بە چارەنوسی تایبەتی میلەتان ، لەوەشەوە مەشمول دەبێت بە مادەی (1) و (55)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان،مادەکانی(58-60)ی (فصل العاشر- قبول أعچاو جدد)ی (مجلس الأمن)، بریارەکانی ژ:1514ی خولی(15)ی 14/دیسمبر/، 1960، بریاری ژ: 2105 خولی (20)ی دیسمبری 1965، بریاری ژ:2625ی خولی 25ی 24/ئوکتوبەر/1970 ، بریاری ژ: 3070خولی(28)ی نوڤمبری 1973 ... هەمو ئەوانە داکۆکی لەمافی چارەنوسی گەلان دەکا کە پاساو و مقەوماتی یاسای نێودەولەتیە بۆ هەرێمی کوردستان

4- لەکاتی لکاندنیشی بە عێراق کۆمەلێك مەرجیان لە نێوان دانرا : مەرجەکانی (ولایه موصل - تقریر لجنه عصبه الامم الخاصه بحل النزاع الترکی – البریگانی حول ولایه الموصل2009م : 228) ،ئینجامادەی 16ی ئینتداب، مادەی4ی کۆنگرەی قاهیرە، دان پیا هێنانی بەریتانی لە 1919 بە چارەنوسی کوردستان وجاریکی تر لەگەل عێراق لە2/دیسمبر/ 1922، بریارەکانی خولی(16)ی مانگی 1925/12ی کۆمەلەی گەلان سەبارەت کورد ،10 بەلێننامەکەی سالی1932کەبە(کۆمەلەی گەلان)درابەتایبەتی( بەلێننامەی ژ:9و10)...، ( منقمه ستاندرد 2014 :76-79. )

5- سەرەتای پەیوەندی (سیاسی و یاسایی) نێوان عیراق و هەرێم کۆنفیدرالی بوو , لە (وصایا وزاره الهند الی وزاره الخارجیه) دەربارەی سیاسەتی بریتانیا لە عیراق کەلە 22/کانون یەکەم/ 1920 لە مادەی(5) دەقەکەی بە کۆنفیدرالی نێوان کوردستان وعیراق هاتوە, لە رێنماییەکی تری ونستۆن چەرچل کە لە 1922/7/11 بۆ (بیرسی کۆکس)هاتوە دیسان پێشنیاری کۆنفدرالی دەکاتەوە .

6- ئەو ناوچەیەی ناوی نرا عێراق یەك ویلایەت نەبووە ، هەر ویلایەتەو تایبەتمەندی خۆی هەبوە.

7- رێکەوتنەکانی عیراق و کوردستان: قرار مجلس الوزراو 11/تموز/1923 - بیان شباگ 1964 - بیان 29/حزیران/1967 - تا دەگاتە خالی (14)ی رێکەوتنی 11ی ئاداری1970 تیایدا دان بە بوونی یاسایی ناوچەی کوردستان هێنرا وەك یەکەیەکی ئیداریش , لە11ی 1974/3برگەی(ج)ی مادەی 8 دەستوری هەموارکراوی سالی 1970 تیایدا دان نرا کە هەمو ئەو ناوچانەی زۆرایەتی کوردن وەبەر ئۆتۆنۆمی دەکەون.

8- بە پێی مادەی(1)ی ئەو یاسایە (منگقە الکردستان)بوە کیانێکی یاسایی،لە برگەی (ج)ی مادەی(1) شەخسیەتی مەعنەویشی پێدەدا ،ئەوەش یاساییانە مافی ئەوەی دەداتێ سنوری خۆی دیاری بکا،لەبرگەی (ب)ی مادەی (2) عەرەب وکەمایەتیەکانی تر لەو ناوچە بۆ بەشێك لە وەحدە ئیداریەکەی(منگقە الکردستان) پۆلین دەکا... ،

9- دوای ئەزمونێکی دوورو درێژ جاریکی تر بە بریاری نێودەولەتی ئەو تایبەتمەندیانە بە هەرێم درایەوە , لەو بریارانە : بریاری 688، بریاری 986.

10-لە دوای رووخانی حزبی بەعس و هاتنی دەستوری نوێ2005 قۆناغێکی نوێ لەبەرجەستەی ئەو راستیانەی سەروو لە (قانون اداره ..)و دەستورەکە هاتوە , لە مادەی 54 بنچینەی یاسایی بۆ بەردەوامی دیاری دەکات , برگەی (ب)ی ئەو مادەیە پالپشتێکی گرنگی (تایبەتمەندیەکانی دەستوری هەرێمی کوردستانە . )

هەمو ئەوانەو زۆر رەهەندی تر پاساون بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەسەلاتێکی تایبەتی هەبێت , ئەرك و ماف و پلانی تایبەت دەبێت , حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و دام ودەزگای تری تایبەت دەبێت بۆ هێنانەدی ئەو ئەرکە , ئەرکی کارگێری نایاب –ئەرکی بەرپاکردنی شارستانی –ئەرکی پەراندنەوەی کۆمەلگەکەمان لەو قۆناغە راگوزەرە سەختەو گەیاندنی بەکاروانی گەلان لە رێی

دەستوریکی زۆر تایبەتەوە .

**تەوەری دوەم : ئەزمونی جیهانی لەو تایبەتمەندیە دەستوریانە.**

مادام میلەتان لێکجیان مانای وایە تایبەتمەندی خۆی دەبێت , ئەو تایبەتمەندیەش رەنگدەداتەوە لەدەستور , بە روانگەی مارکسی سیستەمی کۆمەلایەتیە دەستوور دیاری دەکا نەك پێچەوانە(تومانوف واخرون 1969م: 6) بەلام دەستوری نایابیش بە دەوری خۆی کار لەکۆمەلگە دەکاتەوە , لەسەر ئەو بنچینەیە هیچ دەستوریکی وولاتێك تەواو وێچووی یەکێکی تر نیە , بەلام هەندیکی گشتی هەیە , هەندێ جار ئەو لایەنە تایبەتیەی دەستور بە مادەی (پتەو ) گوزارش دەکریت دەشکۆترێ ئەوەیان زیاتر زالە بەسەر دەستورەکانی جیهان (الموسوعه العربیه 2004م: ج9 265) , هەندێ نمونەی دەستوری باس دەکەین :

ئەزمونی تایبەتمەندبوون لەدەستورەکانی جیهان زۆرە ,تەنها ئەوانەمان هەلبژاردوە کەمێك نزیکە لە هەرێمی کوردستان,ئەزمونە نزیکەکان ئەوهەرێنانەن کە لە پۆلی(حق الانفصال العلاجی ( Remedial Secession وەك خوارووی سودان وئەریتریاو تەیمورو ..ئەوانە لەپێش سەربەخۆیی دەستوریان نەبوە , بە پێی زانیاری بەردەست تەنها کۆسۆڤاو بیابانی خۆرئاواو خوارووی سودان هەیان بوەولەو پۆلەن , ئەوەی کۆسۆڤا ناوی نرابوو(ایگار الدستوری) بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە پالپشت بەبەندی(7)میساق برِیاری ژ: 1244 ی رۆژی 10 /6/ 1999ی ئەنجومەنی ئاسایش (لائحه بعپه الأمم المتحده رقم 9/2001 المؤرخه 15 أيار/مايو 2001م)دەرچوو بۆ کۆسۆڤا , تیایدا دەسەلاتەکان دابەش کرا لەنێوان ئەو نیردراوانەو دەسەلاتی خۆجێی کۆسۆڤا , زۆربەی مادەکانی تایبەتمەند بوو, لەو دەستورە سەربردەی بەرگری و هەنگاوەکانی سەربەخۆیی و بەهاناوە هاتنی ناتۆ و تا دەگاتە دام ودەزگای دەسەلاتی تیایە, لە بەشی پێنجەمی ئەو دەستورە رێگادرابوو پەیوەندیەکانی دەرەوەیان هەبێت

(p51 - HRI/CORE/UNK/2007 15 January 2008) , ئەزمونی دوەم دەستوری کۆماری بیابانی رۆژئاوایە , لە 154مادە پێکهاتوە ,لەدیباجەکە باسی لە بنەماو مافەکانی بیابان دەکا باس لەیاسای دەولی و مافی مرۆڤ دەکا ,لەمادەی 24 باس لەو تایبەتمەندیەو قۆناغە راگوزەرە دەکاو دەلی کار دەکەین بۆ سەربەخۆیی تەواو و مافی چارەنوس ,مادەی 48 داکۆکی لەسەر پەروەردەو ئینتماو ئەرکی نیشتمانی بۆ رزگاریە ,مادەی 153 تایبەتە بەو فەترە راگوزەریە.

دەستوری خوارووی سودان لە 5/ دیسمبر/2005دەرچوو زۆر تایبەت بوو 52 یاسای دەرکرد زۆربەی گوزارشتی لەو تایبەتمەندیەو قۆناغی راگوزەر دەکرد ,لەگەل سەربەخۆ بوون ئەو دەستورە کۆتایی دێت وئورەی دەستوری دەولەتداری دێت لە رۆژی 2011/7/9 , نمونەیەکی تر کەمێك نزیك دەستورە پێشنیارکراوەکەی ئەریتریایە (مسوده دستور إرتريا الانتقالی-ستوكهولم - 2010/11/14) مادەی تایبەتی تیدایە مادەی 5 و6 لەبارەی لامرکزی و مافی چارەنوس مادەی 9 سەبارەت بەیاساکانی دەولی مادەی 14 نابی حزب تەفرقه بەرنامەی بێت, مادەی 17 مافی هاولاتی بەستراوەتەوە بە بەرگری نیشتمانی.

ئەو هەرێمانەی کە(مافی چارەنوس) دەیانگرێتەوە, بریتین لە هەرێمە ژێر دەستی ئیستعمار کە بەروونی نەتەوە یەکگرتوەکان پێناسی کردوون لە چوارچێوەی مافی چارەنوس بە پێی (قرار الجمعيه العامه ر:1467 – د:14 فی 12/ كانون الأول/1959 ), زیاتر ئەوانەن لە ژێر ویسایەی نەتەوە یەکگرتوەکانن , ئەوانەش بەشێکیان دەستوریان هەبوە لەپێش سەربەخۆیی ,بەرێنمایی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتوەکان بوە بە پێی (تقرير اللجنه الخاصه المعنيه بحاله تنفيذ إعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمره ٢٠١٠: 58 و61) , دەستور بۆ توکیلا سەر بەنیوزلاندا دانرا(ص55تقریر..), بۆسامۆ سەر بەئەمریکا (ص64) دەستوری ئەنگیلا سەر بەبریتانیا ص65 ,دورگەکانی فیرگینی سەر بەبەریتانیا (ص67) , ...ئەوانە زۆربەیان گۆرانکاری بەسەر دەستورەکانیان هاتوە بە هۆی تایبەتمەندی قۆناغەکانی گەشە بەرەو مافی چارەنوسیان.

هەرچی ئەزمونە دەستوریەکانی ترە بریتین لەدەستوری ناوەند , کۆمەلێك وولات هەن لەدەستوردا تایبەتمەندیان داوەتە هەرێمەکان , لەدەستوری هند (پێکهاتوە لە 392مادە ) لەمادەی 370, 371 و تایبەتمەندی دەداتە جامۆ وکشمیر وماهاراشترو گوجارات ... تا ئەو رادە دەستوری ناوەند هەموی پەیرەو نەکرێ, مادەی (2)دەستوری مەکسیك تایبەتمەندی دەداتە میلەتانی رەسەنی وولاتەکەی تا رادەی (مافی چارەنوس) ,لە دەستوری پورتگال هەندێ مادەی تایبەتمەندی بە هەرێمەکان داوە بەلام لەمادەی 227-234) تیایدا مافی ڤیتۆی بە سەرۆك کۆمارداوە بۆ هەر پێچەوانەیەکی دەستور لەلایەن هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان(برگەی2مادەی233 ) ( https://www.constituteproject.org ),ئەلێرە وادەردەکەوێ کە ئەوەی هند زیاتر بۆ ئەزمونی کوردستان نزیك بێت وباشتریش بێت, بەپێچەوانە ئەوەی پورتگال خراترینیانە , لەلایەکی تر دەستوری بلجیکا دەبینین ئەو راستیەی نەشاردۆتەوە کە بلجیکا پێکدێت لە 3 پێکهاتەو یەکە (فرنسیەکان وفلامەندی و جەرمانی) مادەی 2ی بۆ تەرخان کردوە ,بەوەش نەوەستاوە لەمادەی 3 دەلێ بلجیکا لە 3 هەرێمی فالۆنی وفلامەندی وبروکسلی پێکدێت ,لەمادەی 4 دەلی لە چوار زمانیش پێکهاتوە (فرنسی –هولندی –ئەلمانی – تێکەل) (دستور بلجیکا 2008م:13),لەسالی 1831هوە ئەو مادە دەستوریانە هەیەو تا ئێستاش وولاتێکی ئارام ونمونەی پێکەوە ژیانە , کەچی لەدەستوری 1926ی لبنان تایبەتمەندی داوە لەمادەکانی 9و10و24و95 (مؤسسه كونراد 2013م:125) بەلام دانی نەناوە بەبوونی پێکهاتەکان ,زیاتر لەوەش لە میساقی تایف1989/9/30 بەشێکی تایبەتی تەرخان کردوە بەناوی(الغاو الکائفیه) بوە هۆی پشێوی تا ئەوساتەش , نمونەیەکی تر لە دەستوری ئەلمانی (پێکهاتوە لە 141مادە) ,مادەی 28 ی بریتیە لە گونجانی دەستورەکانی هەرێم لەگەل ناوەند , لەمادەی 31 یەکلا کەرەوە بەدەستوری فیدرالی دەدات , بەلام لە برگەی سێیەم دەلیت دەولەت وادەکا کە ئەو نەگونجانە پێویست نەبیت , ئەوەی جێی سەرنجە مادەی 139 مادەیەکی پتەوە سەبارەت بە قەلاچۆی نازی (القانون الاساسی لجمهوريه المانيا الاتحاديه 2002م : 28 -31 و102-103)),لەکاتیکا مادەکانی(1و3و66) دەستوری تورکی(رێك بەپێچەوانەی ئەلمان) سەروەری دەداتە تورکایەتی بە مادەی پتەو , هەروەها زۆرێك لەدەستورانی عربی مادەی رەگەزپەرستی وەك (..جزو من امه العربيه) تیایە, بەجۆرێکی تر مادەی (12) دەستوری ئێران هەتاهەتایی بۆ مەزهەبی جەعفەری دەدات,بۆیە سەروەنجامیکی لۆژیکیە ئەلمانیا ئارام وئەو وولاتانەی رۆژهەلاتی ناوەراستیش نائارام.

ئەزمونی کوردستان (لە رووی پەیوەندیەوە بەعیراق)نزیکە لەو وولاتانەی کە نەتەوەی سەرەکی هەیە و نەتەوەی لاوەکی (ناردۆ و ناردۆنیست) , ناسنامەی دۆزەکەشی وەك ئیستعمارو موستەعمەرە پێناس نەکراوە هەتا (مافی چارەنوس )بیگرێتەوە بە پێی مادەکانی ( 73 و 74 - فصل 13)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان و برِیاری ( الجمعيه العامه، ژ: 1467) , بەلکو لەباشترین دۆخ وبەمەرجی زۆر قورس دەکەوێتە پۆلی (حق الانفصال العلاجیRemedial Secession) وەك

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/tmc2019.NCR240

کۆسۆڤاو خوارووی سودان و تەیمورو ..، ئەوەش زۆر پالپشتی دەولی نیە، بۆ ووردتر بڕوانە: بڕگەی (ب)ی بڕیاڕی ژ: 2625 و قرار الجمعيه العامه 2625(د-25 )). http://research.un.org/en/docs/ga/quick/regular/25, هەروەها بڕگەی (6)ی ڕاسپاردەکانی مافی چارەنوس ژ: 21 ی خولی (48) (التعليق العام رقم 12: 1984م الماده 1 حق تقرير المصير/جمعيه العامه ) , تەنانەت تا ئەو ساتەش کورد لەنەتەوە یەکگرتوەکان وەك (گەل-شعب)ناوزەد ناکرێ (بڕوانە مادەی 1ی بڕیاڕی 688)، سەرەڕای ئەوەش دۆخێکی گونجاو هاتە پێش عیراق کەوتە ژێر بەندی (7)و نزیکەی 65 بڕیاڕی لەسەر دەرچوو , کوردستانیش کەوتە بەر هەڕەشەی جینۆسایدو دەرچوونی بڕیاڕی 688 , ئەوەش یارمەتیدەر بوو تا نەتەوە یەکگرتوەکان خۆیان سەرپەرشتی دەستوریان بۆ کوردستان بکردبایە وەك کۆسۆڤاو وەك هەرێمە ئیستعماریەکان، بەلام ئەو بیرەیان لا گەلالە نەبوو، ئەو دەرفەتە بەدەگمەن دووبارە دەبێتەوە ,لەو دواییە بڕیاڕی ژ:2470بڕگەی(ب)ی ڕۆژی 21/مایۆ/2019 ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەدۆخی دەستوری عیراق دەرچوو دەکرێ سودی لێببینرێ.

دیوێکی تری دۆزی کوردو عیراق هەیە لەو ئەزمونانەی سیستەمی تەوافوقی نزیکە کە دەولەتی پیکهاتەکان , لەوانە:( چیکۆسلۆڤاکیا، قوبرس، لوبنان، عێراق ، تاڕادەیەك ئیماراتی عەرەبی)، پیشوو تر هەریەکە لە هولندا،سویسرا،نەمسا لەو سیستەمە بوون دوای وەرچەرخان بۆ سیستەمی دیموکراسی ئاسایی ( لیبهارت 2006م: 12)، هەندێکیان ئەو تەوافوقیەیان بە دەستوریانە بوو هەندێکیشیان بێ دەستوری، لوبنان بەبێ دەستوریە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ( الميپاق الوگني - 1943) (سەرۆك کۆمار مسیحیەکی مارۆنی بیت , سەرۆك وەزیران موسولمانی سونە بیت .سەرۆکی پەرلەمان شیعەی موسولمان ، سوپا سالاری گشتی مارۆنی وەزیری دەرەوە مسیحی ئەرسەدۆکسی ،وزیری بەرگری دورزی)، کەچی لە قوبرس و چیکۆسلۆڤاکیا دەستوری بو، بۆ چیکوسلۆڤاکیا دابەشیە تەوافوقیەکە لە 66%ی چیك و28%سلۆڤاك ، قوبرسیش بە پێی دەستوری 1959 تەوافوقیانە ڕێك کەوتن لە سەر بنچینەی ڕێژەی پێکهاتەیی، بە جۆرێك 60%کبرسی یۆنانی وباقیەکەی تر تورك وکەمایەتی ترن سەرۆك کۆمار یۆنانی جیگری تورك، عادەتەن لەو جۆرە سیستەمی پەرلەمانی دەبێت نەك سەرۆکایەتی.

جۆرێك لەو نمونەیە(دابەشی تەوافوقی) لە کۆتایی دەسەلاتی عوسمانی بەدی دەکرێت ،لەسەردەمی ئیتحادوتەرەقی ولەهەلبژاردنی مەبعوسان(پەرلەمانی عوسمانی دوای 1908) سەرجەم 143ئەندام بۆ تورك بوو 130 ئەندام بۆ غەیرە تورك بوو( أمين سعيد1999: 10 -11) , لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش بە پێی مادەی (80-88) ی دەستور ی 1977 ڕەهەندی تەوافوقی هەبوو لە (ئەنجومەنی نەتەوەکان) 243 ئەندامی ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان لەکۆی 828 ئەندام (کگران زغیرنعمە 2011م :127) , لە عیراقی نوێش تەوافقی بە بێدەستور (سەرۆك کورد 0سەرۆك وەزیران شیعە –سەرۆکی پەرلەمان سونە ) , کورد لەو تەوافوقە زۆر سود مەندە ,جاران لە دیزاینی ناشیۆنالیزمی عیراقی هەر زەرەری بووە,نەخشە کۆمەلایەتیەکی دەدا: 23% کورد بووە لە 2% کەمایەتیەکانی ترو لە 75% عەرەب ، بەڵام ئێستا نەخشەی ڕاستەقینەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عیراق تەنها کوردو عەرەب نیە ،پیکهاتەی تر هەیە ، واتە بە دوو جۆری ئاسۆیی وستونی دابەشی هەیە ،بەم شێوەیەیە : 22% کورد لە 2% کەمایەتیەکان لە 55% شیعە لە 23% سونە(مسعودعبدالخالق 2014ز: ب2 35) ، ئەو نەخشەیەی دوای ڕاستەقینەیەو دەبوایە وەك دەستوری بلجیکا تۆمار بکرابوونایە , ..ئەوەیان دەبێت لەدەستور تۆمار بکرێت بۆ عیراق .

**تەوەری سێیەم -گونجانی لەگەل دەستوری عیراقی**

ئەو پرسە زۆر ئالۆزە ,هەرێم خۆی وای لەخۆ کرد بکەوێتە ئەو ئالۆزیە ,ئەگەر ئەوەندە دەستورەکەی دوا نەخستبایە وەك دام ودەزگاکانی تر و بە پێی مادەی (141 )ی دەستوری عیراق دان بە بوونی دەهێنرا ,ناچار نەدەکرا دەستوری هەرێم پابەند بێت بە ناوەڕۆکی دەستوری عیراق ( بە پێی مادەی 120) , لەکاتی خۆشی دەستوری عیراق بەو مەرجە دانراوە (گونجاو بێت لەگەل مادەکانی پەیماننامەی بریتانی عیراقی (مادەی 3) دەقی ئەو ڕێکەوتنە (الحسنی 1983:ج2 37)، ئەگەر ئەوبۆچونەش ڕاست بێت کەدەگۆترێت: دەستور بریتیە لەبەلگەنامەی سەرکەوتنی چینێك بەسەر چینێکی تر ئەوا دەبوایە لەدوای ڕاپەڕینی 1991 یەکسەر دەستور دابنرابایە ,نەگەیشتبایە ئیستا ,گونجاندنی دەستوری هەرێم لەگەل دەستوری عیراق پرسێکی جیهانیە , لەجەوهەردا گونجانی داگیرکراو داگیر کەرە بەگشتی.

سەرەڕای ئەوەش (لە ئیستادا)بوارێکی زۆر هەیە دەستورێکی نایاب بۆهەرێم بنوسرێتەوە ,تیایدا ئەو تایبەتمەندیانە بەرجەستە بکرێت , بشتوانرێت یان شەریکی ڕاستەقینە بێت لەعیراق یان مافی چارەنوس لەدەست خۆی بێت , ئەزمونێکی زۆری ئەرێنی ونەرێنی لەبەردەستە ,لە دەستوری وولاتانی فیدرالی کۆن ئەو مادەیە لەهەندێ وولات دەنوسرا کە جیابوونەوە نادەستوریە وەك (مەکسیك وبرازیل وهندوئیسپانیاو (..

ئیستا کەمتر بوویتەوە, ئەوەی زۆر توندە دیباجەو مادەی (1و2و3)دەستوری تورکیای سەروەریەکی نازیانە بە نیشتمانی تورك وئومەتی تورك دەدات , هێلی سوورە بۆ هەمو کاریکی سیاسی ومەدەنی تەنانەت لەمادەی 66 بێبەشی دەکا لە ناسنامەی تورکی ئەگەرپیشیلی بکا(دستور ترکيا 1982: 25) , بەشێکی تریش ڕێگەی جیابونەوەیان بەدەستور داوە لەوانە : لەدەستوری 1977ی یەکێتی سۆڤیەتی جاران(مادەی 72) , دەستوری 2003ی سربیاو مۆنتینیگرۆ(مادەی 113)، دەستوری 2005ی سودان مادەی222,دەستوری 1994ی ئەسیۆپیا(مادەی39),..هەرچی دەستورەکانی ترە زۆربەیان لەمادەی (1) یان (2) باسیان لەوە کردوە کە نیشتمان یەکە (بێئەوەی ئازادی جیابوونەوە یان قەدەغەی جیابونەوە تۆمار بکەن) لەوانەش دەستوری ئیستای عیراق, لەدەستوری ئیسپانیا مادەی 145 جێی سەرنجە دەلێت نابێت دوو هەریم یەکبگرن ومادەی 152 لەبارەی (سیستەمی سیاسی )هەرێمەکانی بە پتەو وەسف کردوە ونابێت دەستکاری بکرێت پاش ڕێکەوتنیان لەگەل ناوەند,..بۆ بینینی ئەو دەستورانە بڕوانە : https://www.constituteproject.org/search?lang=ar&key=sub .

لە وولاتانی ئەوروپا وجیهانی نوێ وا ڕێکەوتوە چەند پیکهاتەو نەتەوەیەك لەیەك دەولەت بووینە، بەهۆی ئەوەی دەسەلاتەکە هەولی ئەوەی نەداوە نەتەوە بچوکەکە(ناردۆ) لەناو گەورەکە(ناردۆنیست) بتوێنیتەوە, بەلکو هەولیداوە هەمویان لە دەولەت بتوێنیتەوەو سیستەمی هاولاتیبوونی لێبەرپا بکا, وەك لەسەروو بینیمان دەستوری بلجیکا چۆن ناوی هەر 3 پێکهاتەو هەر سێ هەرێمی هێناوە , ئاواش دەستورەکانی کەنەداو مکسیك وهندو زۆری تر ،ئەوانە کێشەی نەتەوەیی وکەمایەتیان کەم بۆوە , نمونەی جوانی دەستوری ئەسیۆپیای(8 دیسمبر 1994 )چوارجار ناوی (مافی چارەنوسی هێناوە )لەدیباجەو دووجاریش لە مادەی 39 ودوایش لە مادەی 62 بە ڕوونتر هەم مافی چارەنوس هەم مافی جیابوونەوەی داوەتە مجلیسی ئیتحادی .بڕوانە CONSTITUTION OF THE FEDERAL):

ئەوەDEMOCRATIC REPUBLIC OF ETHIOPIA : 1994) , لەکاتێکایە ئەسیۆپیا وولاتی فرە پێکهاتەی (عفار -ئەمهرە-بنی شنقول - قماز -جامبلا- یهررجی-أورومیا-ئۆگادین-تیگری..)لەسەردەمی دەستورەکانی (ئیسنۆ سەنتریالی) لەهەمولایەك جم وجۆلی جوداخوازی بوو ,بەلام لەوەتەی ئەومادانەی لەدەستور تۆمار کرد هەم جودابونەوە نەما هەمیش ئەسیۆپیا بەرەو گەشەی شارستانی بەرێکەوت , بەهەمان شێوە دەستوری 1996ی خوارووی ئەفریقا وولاتی لە 4 ویلایەتەوە کردە 9 ویلایەت وهەریەکەش ڕێی پێدراوە بە پێی (مادەی 142 تا 145) دەستوریان هەبێت, نەبوویتە دابەشی وبوویتە ئارامی و نمونەیی , کەچی وولاتانی وەك عیراق وتورکیاوسوریا.. هەولیان داوە دەستوریانە کورد لە نێو عەرەب وتورك بتوێننەوە بە پیوەری (ئسنۆ سەنتریالیزم) , ئەوە سەرچاوەی نەگونجانە بە (هەرێم وبەغداشەوە. (

سەرچاوەی نەگونجان لە نێوان هەرێم و عیراق زیاتر لەوە هات کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان پابەند نەبوون بە : 1- ڕاسپاردەکانی لیژنەی کۆمەلەی گەلان سەبارەت بە ویلایەتی موسل 2- بڕیاڕی هەمان کۆمەلەی رۆژی 16/کانونی یەکەمی/1925 3- پابەند نەبوون بە 12بەلێننامەکەی عیراق بەرامبەر کۆمەلەی گەلان 4-پابەند نەبوو بە ڕێکەتنەکانی: ( أ-قرار مجلس الوزراو 11/تموز/1923 ب-بیان شباگ 1964 ج-بیان 29/حزیران/1966 د-اتفاقیە یێار 1970 ..) 5- پابەند نەبوون بە مادەی(5)ی دەستوری 1925 ومادەی 3ی دەستوری 1958و مادەی 21ی دەستوری 1968و مادەی 5ی دەستوری 1970و.., لەجیاتی ئەوانە هەلساوە بە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران وتەعریب کردن تاڕادەی جینو ساید ,لەهەرە سەرووی دەولەتی عیراقی تێوە گلابوون , بەنمونە: مەرسومی کۆماری ژ: : 33 ی رۆژی 25/کانونی دوەمی/1976, هەروەها : قرار مجلس قیادە الپورە –رقم:199 9/6/ 2001 "کل من یعیش علی أرج العرب یعد عربیا، کل کردی اژا غیر قومیتە إلی العربیە سیکون یمنا من عملیە التعریب وترد لە جمیع حقوقە (مسعودعبدالخالق 2013ز:32), حکومەتی عیراقی خۆشی چەند جارێك دانی ناوە کە پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید دژ بەکورد کراوە ,لەوانە: لە مادەی (8)ی ڕێکەوتنامەی ئادار , بڕگەی (ب)ی مادەی58 (قانون إدارە الدولە للمرحلە الانتقالیە-2004ز) ،مادەی 140 بەرجەستەیەکی ڕوونی ئەو پرۆسەیە , دوای ئەنجومەنی نوینەرانی عیراق لە14/4/2008 وسەرۆکایەتی کۆمار بەنوسراوی ژ: 26ی سالی 2008 دادگای فیدرالیش دانیان نا بەو ڕاستیانە, ئەو پرۆسەیە گەیشتە ئاستی نێودەولەتی وبڕیاڕی 688 ی بۆ دەرچوو , پیشوو تریش لەسالی 1963 گەیشتۆتە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان (رسالە رئیس بعپە الاتحاد السوفیتی إلی الأمم المتحدە، المجلس الاقتصادی والاجتماعی- للتداول العام رقم E/3809 /9تموز 1963 الجلسە: 36، المادە رقم1 فی جدول الأعمال.(

ئەوانە هەموی بوە هۆی ئەوەی :1- عێراق سەرکەوتو نەبێت لە هێنانەدی دەولەتی هاونیشتمانی 2- دووبارە بوونەوەی جینۆسایدەکان 3- وەستانی گەشە شارستانی ومەدەنی وزیادبوونی کۆچ 4- بچوك بونەوەی نەخشەی کوردستان بۆ نیوە 5- لە جیاتی پێکەوە ژیان ڕق وقینە کەوتە نێو پیکهاتەکانی عیراق ..ئەو نەگونجانە دوورو قوول و هەمەلایەنە کاریگەری خەستی لەسەر دەستور دەبێت, مادام ئەو پەیوەندیە دیالکتیکیە لە نێوان دۆخی کۆمەلگەودەستور هەبێت , بەلام دەستوری 2005ی عیراق جیاوازیەکی زۆری لەگەل دەستورەکانی پێشووی خۆی هەیە بۆیە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازیەکانی کەمکردۆتەوەو بواری داوە دەستوری هەرێم بگونجێ لەگەلی , مادەی 13 و120 ی دەستوری عیراق ئەو سەقفەیە کە دەبێت دەستوری هەرێم لەگەلی بگونجێ , زۆربەی مادەکان ئاساییـن وەك مادەدەستوریەکانی پێش سالی 2003ز نین , نزیکە لە شێوەی دەستوری (خوارووی ئەفریقا) کە لەمادەی 143 دەلێت نابێت دەستورەکانی هەرێم پێچەوانەی ئەو دەستورە بێت ,بەلام بوارەکی باشیشی هیشتۆتەوە لە مادەو بڕگەکانی (142و 143و 144 145) , یان بەلای کەم وەك مادەی 155ی دەستوری ئیسپانیا نیە کەدەلێت ناوەند دەتوانێ(بە سزاوە) هەرێمی ئۆتۆنۆمی ناچار بکا لەگەل بەرژەوەندی گشتی ئیسپانیا بگونجێ , تەنها ئەوەیە بەشێکێك لەو مادانەی دەستوری عیراق زیاتر هەلوەستەی دەوێت لەوانە: مادەی (1 و109 و110. (

هەرچی مادە گونجاوەکانی دەستوری ئیستای عیراقە زۆربەیانە, بەلام ئەوانەی خوارەوە زیاتر گونجاوترن: لەسەرەتادا ئەو بەشەلەدیباجە : الالتزامَ بهژا الدُسْتورِ یحَفَظُ للعراقِ اتحادَهُ الحُرَ شَعْبَاً وأرْچَاً وسَیادەً..ئینجا مادەکانی(3 و4 و6و7و9و14و112و 65 و115وبابی (5)هەمو مادەکانی (116 هەتا121) و126 و 140و 143)...دوو مادەی تری گرنگ هەیە لقی (أ)لە بڕگەی (4)ی مادەی 58 (قانون ادارە الدولە..) ئەگەر کەرکوك چارەسەر نەبوو بدرێتە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (ئەومادەش ئیلغا نەکراونەوە بە پێی مادەی(143)ی دەستوری 2005 )ڕەهەندی دەولی دەداتە کەرکوك وناوچەدابڕێندراوەکان و مادەی دەستوری هەرێی کوردستان, هەروەها مادەی 65 لەبارەی (مجلس الاتحادی) زۆر گرنگە بۆ سیستەمی تەوافوقی (سازان) ..ئەوانە بەهەر دوو دیوی دەبێت ڕەچاو بکرێت لەداڕشتنەوەی دەستوری هەرێم بۆ ئەوەی لە مادە ئەرێنیەکان سوودمەند بێت و لەمادە نەگونجاوەکانیش زەرەر مەند نەبێت , دەقی دەستوری 2005ی عیراق (منژر الفچل2010م :311 (-

**بەشی سێیەم**

## داڕشتنی دەستوری هەرێی کوردستان

### تەوەری یەکەم- لایەنە گشتی و تایبەتیەکان دەستوری هەرێم

ئەو سروشتە لایەنی تایبەتی هەیەو لایەنی گشتی , ئەو ڕێسایە هەمو تەن و شت ومەکەکانیش دەگرێتەوە , دەگاتە کۆمەلگە ودەستەو تاقمەکانیش, عادەتەن لایەنە تایبەتیەکە ناسنامەی دیاری دەکات , لێرەوە تایبەندی دەستوری هەرێمیش دەردەکەوێ, بەو پێیە لایەنی (رزگاری کۆمەلایەتیەکەی)ی دەستوری کوردستان مەدەنی و سەردەمیانە ودیموکراسیانە دەبێت(ئەوەیان لایەنی گشتیە), هەرچی لایەنی (رزگاری نیشتمانیەکەی) تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەوەش ناسنامەی دەستورەکەی دەبێت لەو قۆناغە ,لە دیباجەکەش پاساوی مێژووی و یاسای دەولی بۆ تۆماربکرێت , پرسەکانی سیسەتەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی, عەلمانی وئاینی , ناسنامەی مەدرەسی (لیبرالی-شیوعی –سۆشیالیستی –ئاینی)..زۆری تر بەوێ چارەسەر دەبێت, تاڕادەیەك دەستورەکانی : ئیرلەندا ,لبنان, بلجیکا , کۆسۆڤا , بیابانی رۆژئاوا , خواروی سودان ,دەستوری فەلەستین ,خوارووی ئەفریقا,کینیا , وەسیقەی سەربەخۆیی ئیسرائیل , میساقی نیشتمانی تورکیا.. نزیکن لە ئەزمونی دەستوری هەرێم ,چونکە ئەوانەش تایبەتمەندیان دابوە خۆیان بۆ قۆناغیکی ڕاگوزەری سەردەمی خۆی, مادام بارودۆخی کوردستان زۆر تایبەتە دەستورێکی زۆر تایبەتیشی پێویستە, دەمێکە زانایان (تیری)و(مینیە)و(گیزۆ) پرسیاری ئەوەیان کردوە ئاخۆ دەستوور سلوك و نەریتی میلەتان دیاری دەکا یان پێچەوانە، لە مارکسی خێرا وەڵامەکەی ئەوەیە سیستەمی کۆمەڵایەتیە دەستوور دیاری دەکا(تومانوف

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/tmc2019.NCR240

واخرین 1969م: 6) ، بەڵام لە ئایندا پێیان وایە بەهەردوو ئاڕستە, به تایبەتی (دەستوری نایاب) زیاتر کار لەکۆمەلگە دەکا , ئێمە لەکوردستان پەیڕەو لە دیوێکی تیۆرەکەی گیزۆ دەکەین بۆ داڕشتنەوەی دەستور بەشێوەی تایبەتی خۆی , ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی کۆمەلگەی کوردستان دەکەین نەك ڕەنگدانەوەی کت ومت ,لەلایەکی تریش نابێت عەبەسی بێت و هەر بۆشایی پڕبکەیەوە مادەی دەستوری هەندەران بهێنیت, یان بەرجەستەی بارودۆخە سەلبیەکە بێت, پێویستە لە پیشدا کۆمەلێك ئامانج و بنەما دیاری بکەین بۆ کۆمەلگەکە ئینجا دەستورەکە لەژێر سایەیدا دابڕێژی, هەروەك لە دیباجەی دەستوری 1996ی خوارووی ئەفریقا چوار ئامانجی دیاری کردبوو (قەلاچۆی دابەشی رابووردوو –بینای کۆمەلگەیەکی دیموکراسی ودادگەر- ژیانێکی خۆشتر –بینای دەسەلاتی دیموکراسی دادپەروەر) ئەوانە زیاتر پەیوەستن بە (فلسەفەو پرانسیپی دەستور), ئەو بنەمایانە بۆ هەرێم لەو دەمە بریتین لە : ( 1- ئەو بنەما نیشتمانیانەی لە بەشی دوەم لەو توێژینەوە هاتوون 2- ناسنامەی دەسەلات 2- شەفافیەت و دیموکراسی ودەست گۆڕی دەسەلات و 2- حکومەتی نایاب 3- لیکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان وسەروەری یاسا 4-بینای تاکی کوردی دلسۆزو خۆنەویست 5- حزبی مەدەنی 6-بینای دام ودەزگاو بەرەو گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتی و تەعلیمی ...) لەژێر سایەی ئەو بنەمایانەش سود لە ئەزمونی دەستوری تر وەرگرین , مادەی (48)ی دەستوری بیابانی رۆژئاوا داکۆکی دەکا لە پتەوی ئینتماو یەکێتی نیشتمانی و سزای خیانەتی نیشتمانی وسیخوڕی و ئاواش دەستورەکانی خوارووی سودان وکۆسۆڤا.. مادام کۆمەلگەکەشمان لە چەندین ڕووەوە لە دۆخی ڕاگوزەردایە دەستورەکەش کاتی دەبێت, یان وەك ئەو دەستورانەی وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لەکاتی ئینتداب ولەدوای ئینتداب , یان بەگشتی لە پێش سەربەخۆیی ودوای سەربەخۆیی, لەلایەکی تر ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەوە لە بەشێکی کوردستانیە مادەی وای پیویستە هەم ڕوو لەوولاتەکەی ئیستای هەم بۆ کوردستانی داکانە , هەروەك زۆربەی دەستورانی عەرەب ڕەچاوی ئەوەیان کردوە ,بەلام مادەکانیان سەلبیە بۆ کەمایەتیەکان بەتایبەتی ئەزمونی یەکگرتنی هەر 3 وولاتی (سوریاوعیراق ومیسر) کە لە رۆژی 1963/4/17)بەناوی (الجمهوریه العربیه المتحده)جاڕدرا- بنەمای (4)ی ناسنامەی هاولاتی دیاری کردوە کە دەبێت عربی بێت , ئینجا بنەمای(14) واهاتبوو کە نابێت دەستوری هیچ وولاتێکی (وحده)پیچەوانەی دەستوری (الجمهوریه العربیه المتحده) , کەچی برگەی (1)ی مادەی (2)ی میساقی عربی مافی مرۆڤ پالپشتی مافی چارەنوسە بۆ گەلان , مادەی 7ی دەستوری قەتەریش پالپشتی بنەمای (مافی چارەنوس)دەکا , لەدیباجەی دەستوری سۆمالیش 1960 , بۆ بینینی ئەو دەستورانە بڕوانە :(بسیونی 2005م: 245 و554 . )

دەبێت دەستوری کوردستان ڕەچاوی پێکهاتەی تر بکاو خۆی لەمادەی وا نەدا (هەرێم بەشیکە لە کوردستانی گەورە) وەك عەرەبەکان وایان نوسیە , ئەو جۆرە مادەیە ئیستفزازیە بۆ پێکهاتەی کوردستانی تری غەیرە کورد , بەلام دەبێت جێی ئەوەش ببێتەوە کە ئەگەر کوردستان یەکی گرتەوە دەستوری نوێی چی دەبَیت وەك لە یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەن هاتە دی و لە ئەلمانیا هاتە دی ... لە دیباجەی دەستوری ئەلمانیای فیدرالی پێش یەکگرتن لەدیباجەی دەستور دەستەواژەی (چاوەروانی یەکگرتنین)دەهات , تا لە سالی 1990 هاتە دی( 1999 :p99 : geoffr Roberts ) .

ئەو تایبەتمەندیانە پەیوەندی بە هۆشیاری کۆمەلگەش هەیە بۆ ئەوەی داوای بکاو دەنگی لەسەر بدات , نەتەوە یەکگرتوەکان هەروەك هاندەری دەستورن ئاواش هاندەری بەشداری هاوولاتیانن لە داڕشتنەوەی دەستور ,لە کۆمنتی (لیژنەی مافی مرۆڤیان) بە ژ:25ی رۆژی 1996ز مادەی 6 داکۆکی لەهاوبەشی هاوولاتی دەکا بۆ پڕکردنەوەی دەستور , هێشتا هۆشیاری دەستوری بە فراوانی لەکوردستان نیە , بۆیە دەنگ دان لەسەر دەستورلەلایەن ئەوانە مانایەکی وای نابێت , ڕەنگە ئەنجومەنێکی شارەزا باشتر بێت لە بەشداری گشتی , کاتی خۆی بەریتانیا مەرجی بەشداری دەنگدانی بەریتانیەکانی دابوە ئەوانەی 40 شلیکیان کەمتر نەبێت, ئەوەی دووبارە کردەوە لەکوردستان (1920ز) تەنها دەنگی ئەوانە وەردەگیرا کە خاوەنی 2000ڕوپیەن .

**تەوەری دووەم –هەلسەنگاندنی دەستوری پیشنیارکراوی هەرێم**

مەبەستمان ئەو دەستورەی پیشنیارکرا وپەرلەمانی کوردستان لە 2009/6/24 دەنگی لەسەر دا , تەنها بەلای ئەو مادانە دەچین کە پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەمان , ئەگینا مادەی کەم وزیادی تیایە , ئینشائیات و کلاسیکی تیایە ,کەم وکوڕی تریشی تیدایە ناچین بەلای ئەوانە,سەرەڕای زۆری ئەرێنیشی.

لە دیباجەکە تا ڕادەیەك ئەو تایبەتمەندیانەی باس کردوە بەلام بەرجەستە نەبوە لەمادەکانی دا , لە یاسایەکەی سەرۆکایەتی هەریم ژ: 27 ی رۆژی 2008/11/14لەبارەی (دەرچوونی دەستور) (مجموعه وقائع کردستان 2012م: ج9 5234 ) ئاماژەیەکی بۆ ئەو تایبەتمەندیە نەکردوە, هەتا لە هەلسەنگاندنەکانی تریش زۆر بەلای ئەو تایبەتمەندیە نەچووینە ,لە (کۆنفرانسی دیداری زانکۆی سەلاحەدین) هەلسەنگاندن کراوە ئاماژەیەك بەمافی چارەنوس کراوە (ل31) , لە(ل273تا 276 )هەندێ تایبەتمەندی سیستەمی فیدرالی باس کراوە , لەکۆتاییدا لە (448-458 )جوانتر بۆ ئەو تایبەتمەندیانە چوە ,بەلام بەدیلی بۆ دیاری نەکردوە ..جاریش وایە هەلەی زانستی کوشندەشی تێکراوە بۆنمونە :(..لەوەتەی عیراق لەسالی 1926دروست کراوە – عیراق لەسالی 1921هوە دروست کراوە نەك 1926) (دیداری زانکۆی سەلاحەدین 2015ز: 31 و273-و448-) , لە بەیانی فیدرالی 1992/10/4 زیاتر بەلای ئەو تایبەتمەندیە چوە (مجموعه القوانین والقرارات الصادره عن المجلس الوگنی لکوردستان العراق –1997 : 269-272) ئەویش بەداخەوە 12 هەلەی زانستی وسیاسی تێدایە (مسعودعبدالخالق 2010ز: 8-26. (

دیباجەی ئەودەستورانەی میلەتان لە(قۆناغی ڕزگاری) زۆر جیابوە لەگەل دوای ڕزگاری ,دیباجەی دەستوری کۆسۆڤای 2001ز (وەك نمونە)زۆر جیایە لەگەل دیباجەی دەستوری کۆسۆڤای 2008ی دوای سەربەخۆ , لەیەکەما باس لە مەینەتەکان وقۆناغی رزگاربوهەلمەتی ناتۆ وڕێکەوتنەکان وهاتنی نەتەوە یەکگرتوەکان و (HRI/CORE/UNK/2007:p8 )...لەدوەما وەك دەستورەکانی ئاسایی جیهان باس لە دروست بوونی دەولەتی هاوولاتی دەکات (CONSTITUTION OF THE REPUBLIC OF KOSOVO) , ئاواش دیباجەی دەستوری ئەریتریا وبیابانی رۆژئاوا , بەهەمان شێوە دیباجەی دەستورە پیشنیار کراوەکەی هەرێم , ئەو تایبەتیەی وەرگرتوە بەلام پێویستی بە چاکردن هەیە پێویستە (بە پێی ڕوون کردنەوەکانی بەشی دوەمی ئەو توێژینەوە) بگۆڕدریت بەو شێوەی خوارەوە :

{هەریم لەکۆنەوە کاری بە ڕێکەوتنامەو یاساوشریعەت کردوە , مێژووی دەولەتداری هەبوە , ویلایەتی سەربەخۆ بوە لە عوسمانی ,دوایش بەدوو مادەی جیای سیڤەر (هەریم وعیراق)لە عوسمانی جیاکرانەوە ,بەلێنی بەدەولەت بوونی کوردستان لەمادەکانی (62-63-64) بەبێ ئینتداب بوو , دوای بەمەرجی زۆر

قورس لەگەل عیراق پێکلکێنران , بەلام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقی پابەند نەبوون بەو بەلێننامە دەولی و مەرجەکان و ڕێکەوتنامەکانی ناوەخۆو زۆربەی مادە دەستوریەکانی هاوبەشی , زیاتر لەوەش دووچاری پاکتاوی ڕەگەزی و ئەنفال وکیمیاوی بوونەوە , عیراق نەبوە ژیانی هاوبەش و سیستەمی هاوولاتی بوون , بۆیە خەلکی کوردستان پاریزگاری لە (هەریم وگەل ودەسەلاتی)تایبەتی خۆی کردوە لە بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین بە گوێرەی مادەی (7)ی بڕیاڕی ژ: 3314 خولی 29 -1974) نەتەوەیەکگرتوەکان , تا لە دەستوری 2005ی عیراق دانی نا بەفیدرالی و تایبەتمەندی کوردستان و بوونی دەستوری خۆی ,ئێمەش لەباوەڕمان بە شەراکەو دادگەری وپێکەوە ژیان لەسەر ئاستی عیراق وکوردستان ئەو دەستورە هاتەکایەوە.}

هەرچی مادەکانی دەستوری پیشنیارکراوەکەشەهەندێ مادەی تایبەتی تێدایە , لەوانە: مادەی 4 و7و8و 37 کەمتر بەلای ئەو تایبەتمەندیانە چوە کەلە بەشی دوەمی ئەو توێژینەوە هاتوە , جگە لەمادەی 7 کە باسی مافی چارەنوسی کردوە ,بەلام بەووردی ئاگادار نیە کە دۆسیەی یاسایی هەرێمی کوردستان لە نەتەوە یەکگرتوەکان مافی چارەنوس نیە ,بەلکو لەباشترین دۆخیدا (مافی جیابونەوە)یە, ڕێکاری یاسایی ئەو دوو دۆسیەیە زۆر جیایە لەیەکتر , بۆیە پێویستە بە ووردی تایبەتمەندیەکانی بەشی دووی ئەو توێژینەوەیە ڕەچاو بکرێت هەروەك لە تەوەری سێیەمی ئەو بەشە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە , بەتایبەتی مەرجەکانی لکاندنی هەرێم بە عیراق, ئینجا هەردوو عەهدی مەدەنی وئابوری (لەدوای باسیان دەکەین) , لەمادەی 15 ی دەستورەکە باسی بازاڕی کێبڕکێی دەکا ..ئەوە بۆ قۆناغی رزگاری نیشتمانی زۆر سەلبیەو کۆمەلگەیەکی شێواو بەرژەوەندی پەرستت بۆ دروست دەکا , لە پرسی (دەسەلاتی جێبەجێکردن کە لەمادەی 59 دەست پێدەکات تامادەی 76 ) گونجاو نیە لەگەل ئەرکی ئەو قۆناغەی حکومەتی هەرێم, چونکە حکومەتانی جیهان بەکۆی گشتی دوو ئەرکی بنچینەیی هەیە (یەکەم ئاسۆییانە هەلسوڕاندنی کاروباری خەلك لەهەمو ڕوەکان دوەم ستونیانە گەشەپێدانی شارستانی بەهەمولقەکانی ), هەرچی حکومەتی هەرێمە سێ ئەرکی هەیە ,ئەرکە زیادەکەی ئەوەیە لەقۆناغی گواستنەوەیە (گواستنەوەو گوزەری ڕزگاری نیشتمانی) , بۆیە دەستورەکەشی دەبێت گوزارش بێت لەو سێ ئەرکە , هەمو ئەوانە یارمەتیدەر دەبن بۆ پڕکردنەوەی مادەی دەستوری دروست ونایاب بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان کە لە تەوەری داهاتوو باسی دەکەین .

تەوەری سێیەم : مادەکانی بە پێی تایبەتمەندی دەستور(پڕکردنەوەی دەستور (

لە کۆی بەشەکانی سەروو تایبەتمەندی دەستوری هەرێم دیاری کرا کە بریتیە لە قۆناغی رزگاری وپێویستیەکانی , ئەو تایبەتمەندیە نیشتمانیە پێویستی بە دەستباری مادە گشتیەکانیشە , کەبریتین لە : 1- لێکجیا بوونەوەی سێ دەسەلاتەکە 2- حکومەت ویاسا لەسەرووی هەمو دەسەلاتەکان بێت35- حزبی مەدەنی دوور لە چەکداری 4- دەستپاکی ودوور لەگەندەلی.. ,ئەوانە باش نەهاتوونە دی و بەو پێیە دەبێت دەستور دارێژی, ئەو بارودۆخانەی بە ئەرێنی بەرجەستە بووینە پێویست ناکا تۆماری بکەی ,بۆنمونە :پێکەوە ژیان لەکوردستان زۆر باوە ,ئەوە نوسینی ناوێ جێی دەبێتەوە لە نەریتی دەستوری نەنوسراو.

ئەو 4خالەی سەروو(لەگەل مادە نیشتمانیەکانی بەشی دوو) گوزارشە لە قۆناغی ڕاگوزەری سەختی رزگاری نیشتمانی, ئەوەش وادەکا کۆمەلێك مادەی دەستوری وای تێدا بێت کەمتر لەدەستورەکانی جیهان بەدی بکرێت , ئەزمونی کەمە ,چونکە بەشی هەرە زۆری دەستوری ئەو میلەتانەی (وەك کورد) لەقۆناغی رزگاری بووینە پێش سەربەخۆی دەستوریان نەبوە بە پێی زانیاری بەردەست (جگە لە کۆسۆڤا وبیابانی ڕۆژئاوا وفلستین- لەدوای 5/دیسمبر 2005 هوەدەستوری خواروی سوودانیش هاتەکایەوە ئیتر سودانیش بوە خاوەنی دوو دەستور) , بۆیە مادەی وای دەوێت داهێنانی تێدا بێت, هەربۆیەش لەپیشدا ئەو ئاگاداریانەی پێویستە بۆ داڕشتنەوەی مادەکانی دەستور:

**یەکەم –لەبارەی پرسی نیشتمانی ویاسای دەولی:**

1-ئەو مادانەی پێویستە کە لەبەشی دووی (تابەتمەندی)باسکران بەتایبەتی ڕەهەندی یاسای دەولی بۆ مافی چارەنوس.

2-بارودۆخی یاسایی هەرێمی کوردستان (مافی چارەنوس) نیە ,بەلکو دۆسیەکەی لەنەتەوە یەکگرتوەکان(لە باشترین دۆخیدا) بریتیە لە (مافی جیابوونەوە. (

3-کارێکی قوڕسی پێویستە بۆ وەرچەرخاندنی ئەو دۆسیەیە لە :(مافی جیابونەوە) بۆ (مافی چارەنوس) , بەلام هەرێمی کوردستان بەلگەنامەی بایی ئەوە هەیە ئەو وەرچەرخانە مەحال نەبێت .

4-تا ئەوساتە میلەتی کوردی باشور لە قاموسی نەتەوە یەکگرتوەکان بە (گەل- شعب)تۆمار نەکراوە ..ئەوەش کارێکی قوڕسی دەوێت بۆ بەرجەستەکردنی.

بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مادانە تۆمار بکەین و بشگونجێ لەگەل دەستوری عیراق ئەوا پێویستە ڕەچاوی ئەو پالپشتە دەستوریانەی عیراق بکرێت :

أ- ئەو بەشەلەدیباجەی دەستوری عیراق: الالتزامَ بهِٰذا الدُسْتورِ يُحفَظُ للعراقِ اتحادَهُ الحُرَ شَعْبَاً وأرْضَاً وسَيادهً.

ب- هەردوو عەهد(1- العهد الدولی الخاص بالحقوق الاقتصادیه والاجتماعیه والپقافیه 2- العهدالدولی الخاص بالحقوق الدنیه والسیاسیه)کە بە پێی بڕیاڕی ژ: 2200 ڕۆژی فی 16 //12/ 1966 (کۆمەلەی گشتی)دەرچوە وعێراقیش لە ڕۆژی 1971/1/25 مۆری لەسەر کردوە , مادەی(1)باسی مافی چارەنوسی گەلانە,لە مادەی(2)ش داوالە وولاتانی بەشدار کردوە ئەوئەحکامانەی (هەردووعەهد) لەدەستورەکانیاڕەنگباتەوە http://www.nhrc-qa.org/wp content/uploads/2014

ت- چەند مادەیەکی دەستوری عیراق پالپشتە بۆ تۆماری ئەو تایبەتمەندیانە ,لەوانە:مادەکانی (3 و65 و115و 117 و120 و 121 و126و140و143)... تا ئێستا هەم مادەی 65لەبارەی پیکهینانی (مجلس اتحادی)و مادەی 140 جێبەجێ نەکراوە.

پڕکردنەوەی مادەکانی دەستور لەو ڕوەوە هەم یارمەتی ئەو وەرچەرخانە دەدات هەم گوزارش لە دۆخی یاسایی وسیاسی ونیشتمانی ئەو قۆناغە دەکات کە تایبەتمەندی دەستور پێکدەهێنێت.

**دوەم – پرسی ناسنامەی کوردستان**

بەهەمان شێوەی سەروو دیاری کردنی ناسنامەی هەرێم لە عەولەمە(ناوەکی – ئیقلیمی –جیهانی) دیسان گوزارشە بۆ ئەو قۆناغە و فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی تایبەتمەندی پێك دەهێنێت بۆ دەستورەکە وبریتین لەوانەی خوارەوە :

1- ئێمە سەر بە فەرهەنگی ئیسلامین لە ڕووی ئاینیەوە.
2- بەشێکین لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە ڕووی جەمسەری جوگرافیەوە.
3- ئینتیمای نەتەوەیشمان کوردە، لەڕووی ڕەچەڵەکیەوە.
4- ئینتیماشمان کوردستانیە لەڕووی نیشتمانییەوە.

5- سەر بە بەرەی ڕزگاری- نیشتمانین لە رووی ئایدیۆ لۆژیەوە.
6- سەر بە ولاتانی جیهانی سێیەمی تازە پێگەیشتوەکانین لە رووی شارستانیەوە .

بەپێی ئەو(6)روون کردنەوەی سەروو دەتوانین دەستوری هەرێم لە عەبەسی ئیداری دەرچوێنین بۆ دەستورێکی نایاب , تیایدا ئەرکی حکومەت بهێنێتە دی کە لەو قۆناغە ئەوانەی خوارەوەیە:

1- دەولەتی عیراق و میلەتی عەرەب لەوە بگەن کە کوردستان مقەوەماتی مافی چارەنوسی پێش عیراق هەبووە ئیستاش بە پێی یاسای نێو دەولەتی هەیتی ,نەك کەمایەتیەك بێت بەمل عیراق داهاتبێت(ئەوەیان لەدیباجە دەبێت چارە بکرێت. (

2- هەول بدرێت لەو دەستورە پێناسی (گەل –شعب) بە پێوەری یاسای دەولی بۆ گەلی کوردستان بچەسپێ, تا مافی چارەنوس (بە پێی یاسای دەولی) بیگرێتەوە.

3- لەوەشەوە بتوانن لە دۆسیەی (مافی جیابوونەوە) وەرچەرخێ بۆ (مافی چارەنوس) ...خالی 2و3وای کرد پالپشتی جیهانی بۆ ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان نەبێت.

4- ئەزمونی دەسەلاتداری هەرێم بەجوانی ئامانجەکانی حکومەتداری نەهێناوەتە دی , لە بیناى ئابووری وسیاسی وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی ...زۆر ئارامیش نەبوو ,گەشەی کۆمەلگەو زانست و تەکنۆلۆجیای کەمتر تێدابوو, بۆ هێنانەدی ئەوئامانجانەو ئەرکە نیشتمانیە سەختەکەی پێویستی بە دەسەلاتیکی نایاب(حکومە الرشیدە)هەیە لەهەمو روەکانی ئابووری و تەعلیمی وئاینی وپێکەوە ژیان وهاوولاتی بوون , بۆیە (ئەو تایبەتمەندیانەی دەستور)وا دەخوازێ دەسەلاتی تەنفیزی(بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم) بە دیزاینێکی تری کارگێری وسیاسی وپاسایی دابڕێژرێتەوە , لەکۆتاییدا لەخزمەتی ئەو تابەتمەندیە بێت, کەلەدوو بڕگەی خواروو پیشانی دەدەین:

أ-جۆری دەسەلات بە پێی ئەو تایبەتمەندی : :تا ئیستا دەسەلاتی کوردستان سیستەمێکی دەستوری پەیڕەو نەکردبوو , لە جیهانی نوێ نزیکەی 300 هەرێم هەیە بەناوی جیاجیای (ویلایەت، کۆمار و کانتۆن و فیدرالی و ئۆتۆنۆمی،..) بەلام ئەوانەی سەرۆکی هەرێمیان هەیە(بەو ناوە راستەوخۆ یان بەناوی تر) زۆر نین(کەتەلۆنیا- فلستین-بیابانی رۆژئاوا ...)، زۆربەی ئەوانەن کە خاوەنی دۆزو هەرێمێکی جیاکارن، هەندێك هەرێمی بچوکیش هەیە سەرۆکی هەرێمی هەیە وەك (هەرێمی تارادۆنت)لە مەغریب ، لەهیچ شوێنێکی دونیا سەرۆك بەبێ دەستە ودام ودەزگاو دۆسیە بوونی نیە, لەکەتەلۆنیا سەرۆك هەرێم لەهەمان کاتدا سەرۆکی حکومەتیشە, دەسەلاتی سەرۆکی دەسەلاتی فلستینی لە مادەی (51)را دەستپێدەکات هەتا مادەی(61), هەیئەیەکی لەگەلە هەریەکە دۆسیەیەکی لەدەستە ( قودس- دەرەوە – پەنابەران – دانوستان – ناوەخۆو ریکخراوەکانی تری فلستین ...) .

میکانیزمی هێنانەدی ئەو دەستەیەی لێرە پیشنیاردەکرێت لە ڕێگای هەلبژاردنی راستەوخۆ یان لەناو پەرلەمان ، بەرێزبەندی دەنگەکان (دەنگی یەکەم سەرۆکی هەرێم و دووەم جێگر باقیەکەی تر ئەندام)، جێگەی پیکهاتەکانیش ببێتەوە، بۆیە بەشێك لەومادانەی نێوان (60 تا68)ی دەستوری پیشنیارکراو بگۆڕدرێت بۆ ئەو شێوەیەی خوارەوە : دەسەلاتی نیشتمانی دروست بکرێت (وەك فلستین) پێك بێت لە 5-7ئەندام , بۆ کوردستانیش هەر ئەندامە و بەرپرسی دۆسیەیەکی بنچینەیی کوردستان بیت وەك (1-دۆسیەی کرکوك وناوچە دابڕێنراوەکان 2-دۆسیەی گەندەلی و چاکسازی 3- دۆسیەی پەیوەندی عیراق و کوردستان4- دۆسیەی دەرەوە 5-دۆسیەی ناوەوە لایەنەکان وئۆپۆزیسۆن) ,واچاکە مادەی یەکی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم) هەموار بکرێ و دەسەلاتی کوردستان ناوبنرێ (دەسەلاتی نیشتیمانی- سلگە وگنیە) ئەو دەستەیەش ناو بنرێ (ئەنجومەنی بالای دەسەلاتی نیشتمانی) ، ئەو کاتی ناوی (سەرۆکی هەرێم)یش دەگۆڕێ بۆ سەرۆکی دەسەلاتی نیشتمانی .

پەیوەندی لەگەل حوکمەتی هەرێم وەك پەیوەندی دەولەت و حکومەتی تر دەبێت، ئەرکی حکومەتی هەرێم خزمەتگوزاری وکارگێرپە زیاتر بۆ ناوەخۆ (هەروەك دەستوری پیشنیارکراویش لە مادەی 69 وای پیناس کردوە , بەلام (بڕگەی أ ی مادەی 53– قانون إدارە الدولە المؤقت) پێناسەی حکومەتی هەرێمی فراوانترە (پەرلەمان وتەواوی دەسەلات دەگرتەوە) ,ئەوەیان دەگوازرێتەوە بۆ دەسەلاتی سەرۆکی دەسەلاتی نیشتمانی , ئەرکی ( دەسەلاتی نیشتمانی) لە ناوەخۆ پێککەیاندنی تنفیزی و تشریعی و قەزائیە، لە دەرەوەش باقی کارو چالاکیە دیپلۆماسیەکان دەگرێتەوە، سەرباریکی تر ئەویش رەهەندی نیشتیمانیە کە لەم قۆناغە خۆی لە (ئامادەکاری بەرەو زیاتر مافی چارەنوسە) , سنوری حکومەتی هەریم هەر سێ پارێزگا(سلیمانی– هەولێر- دهۆك) دەگرێتەوە لەو دەمە، هەرچی سنوری سیاسی (دەسەلاتی نیشتیمانی)یە فراوان ترە و تەواوی باشوری کوردستان دەگرێتەوە , ئەو کاتی سەرۆکایەتی هەرێم مەرجەعی هەر سێ دەسەلات دەبێ, (نەك تەنها دەسەلاتی تەنفیزی وەك ئیستا وایە ) لەگەل ناوچە دابڕێندراوەکانیش، لەگەڵ کەمێك فراوانتری دەبێتە مەرجەعی دەسەلاتی چوارەم و پێنجەم و تەواوی رای گشتی کوردستان بە رەنگ و پیکهاتە جیاجیاکانیشەوە، ئەو هەنگاوە ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی زیاتر سەرورەری یاساو بوونی موئەسەساتی و یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری زۆریتر.

واچاکترە (بەمادەی دەستوری) ئەودەستەیە و تەواوی هەرەمەکە لە حزب دوورکەونەوە ، یان بەلای کەمی لەم قۆناغەی ئێستادا دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم مۆرك و هەژمونی حزبی سیاسی لەسەر نەبێت,

زیادکردنی دەزگایەکی تر(بەمادەی دەستوری) بەناوی (دەستەی دیاری کردنی بەرژەوەندی بالای هەریم- یان ئەنجومەنی ستراتیجی کوردستان – یان هەر خودی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) زۆر یارمەتیدەری ئەو دەستەیەی سەرۆکایەتیە دەبیت.

کێشەیەکی تری گەورە چارەسەر دەکا بپرسی پێگەی ئۆپۆزیسۆن,لە سیستەمی تەوافقی جێگەی ئۆپۆزسیۆن نامێنێ چ جای ئەوەی دەولەتیشی نیە، چونکە ئۆپۆزسیون لە هەموو شوێنێك لە دەولەت بەشدارە، بەلام لەحوکومەت بەشدار نییە، کەچی لە کوردستان دەولەتی نییە، ئەی کەواتە کوا مەرجەعی بەیەك گەیاندنی حوکومەت و ئۆپۆزسیون؟ هیچ دەربازێکی یاسایی بۆ ئەو پرسیارە نیە جگە لەوەی بەدیل بۆ دەولەت بدۆزینەوە، ئەویش (دەسەلاتی نیشتمانی کوردستانە-کە لێرە پیشنیارکراوە. )

ب- هەندێ مادەی تری جۆراوجۆری پەیوەندیدار بەو تایبەتمەندی : ئەو تایبەتمەندیە کاریگەری تر لەسەر لایەنە گشتیەکانی دەستورەکە دەکا(بڕوانە بەشی دوەم لەو توێژینەوەیە), چونکە دروست کردنی تاك و بینای کۆمەلگەو پتەو کردنی

ئینتماو ئارامی وئاشتی ناوەکی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی کوردستان و دوور کەوتنەوە لەگەندەلی و پەیرەوی دادگەری کۆمەلایەتی بە رێگەی دیموکراسیانە..ئەوانە هەمو هەم دەستورێکی نایابت پێدەدا هەم حکومەتێکی نایابت(حکومە الرشیدە) (نۆمۆکراسی-حکومەتی یاسا) پیشکەش دەکا, ئەوەش وادەکا مادەکانی دەستور خۆ لەقەرەی دیزاینی سیاسی ویاسایی نوێدەن , پرسی ئاین وپەروەردە وپرسی نیشتمان پەروەری(دوور لەرەگەزپەرستی)) لەو مادانە:

پرسی پێکهاتەکانی تری کوردستان : کە لەمادەی 29ی دەستوری پێشنیارکراو دەست پێدەکات تا مادەی 36 , ئەو مادانە زۆربەیان لە رێکەوتنامە دەولی و هەندێ بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوون ,لەوانە مادەی 27ی (العهدالدولی الخاص بالحقوق المدنیه والسیاسیه ) مادەی(1)و(2) ی بڕیاری (جمعیه العامه) ژ:135/47ی 18/کانونی یەکەم/1992..زۆری تریش- بۆ زیاتر (بسیونی 2005م:832), بۆیە واچاکە ئەو مافە بە پێی یاسای دەولی بێت(هەروەك دەستوری ئەسیۆپیا وای کردوە ) ,هەم یەکپارچەی کوردستان دەپارێزی و پالپشی دەولیشی دەبێت و پێکهاتەکانیش زیاتر بەوە رازی دەبن.

پرسی ئایین: لەو دەستورەی پێشنیارکراو وپستراوە بەو ئەندازەی دەستوری عیراق خۆیان نەخەنە ژێر باری ئایین , بەلام واچاك بوو ئەو دوو دلیە نەبێت بەتایبەتی لەو مادەیەی دەلێت: بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان دەبیت, ئەوەیان جیهانیە لە (کۆنگرەی یاسایی لاهای 1937 ) دارشتراوە ( جندی 1989م :ج2 334) , بە بەرپا کردنی هەندێ مادە لەو دەستورە ئەو نیگەرانیانەی نەدەهیشت وەك: ( ئاینەکانی ئاسمانی هەمو یەك جەوهەرن) ( ئایین وئایندار بەهەمو ماناکانی لیکجیایە ) (هەمو کەس سەربەستیەکی گەردوونی-خوایی-پیدراوە ئاخۆ چ ئاین ومەزهەب و بیروباوەرێك هەلدەگریت ). ئیستا تەنها چەند دەولەتێکی کەم ماون لەدەستورەکەیان ئاینی وولاتیان تۆمار نەکردبێ, جگە لەدەستوری کۆریا کە لەمادەی (20)دەلێت ئیمە دان بەهیچ ئاینێك ناهێنین-یەکەم جار دەستوری فرنسی سالی 1905 وای تۆمار کردبوو کە دان ناهێنێ بەهیچ ئاینێك(وجدی 1971: ج1 44 ), بەلام لەدەستوری 1958 ئەو مادەیان لادا, تورکیاش لە 1928/4/10 مادەی(ئاینی فەرمی وولات ئیسلامە) هەلوەشاندەوە, هەرچی دەستوری ئەمریکایە لەبڕگەی(3)ی مادەی(6) وا هاتوە: هیچ پۆستیك پڕ ناکرێتەوە بە مەرجی ئاینی , دەستوری ئۆکرانیاش تا رادەیەك وایە , ئەگینا باقیەکەی تر بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئاینی دەولەتی دیاری کردوە, جگە لەوولاتانی ئیسلامی بەشێك لەدەستورەکانیشیان بە ناوی (اللە)دەستی پیکردوە,لەوانە:(دەستوری ئوستریلیاو ئەلمانیاو ئۆکرانیاوئەرجەنتین وئەکوادۆروئەرجەنتین وبیرۆ وهندو پاراگوای وپۆلەنداوپۆلیڤیاو خوارووی ئەفریقاو سویسراو گانا وفنزویلاو کوستاریکا وکۆلۆمبیاو هندۆراس) , بەشێکی تر لەمادەکانی ناوەوە ناوی خوداو ئاینیان هێناوە ,لەوانە : ئەلمانیا مادەی(56) ,ئیتالیا مادەی 8 , دانیمارك مادەی (67) ،یونان هەردوو مادەی (1)و(47)، نەرویج: مادەی 16)، شیلی مادەی 19 , هند مادەی(60) , کۆلۆمبیا مادەی (54) و(192), سوید مادە(4)، ، کورسیکا: مادە(66)، سلفادور: مادە(12)، اسبانیا: مادە(16)، برتغال: مادە(41)، بارکوای: مادە(3)، أرجنتین: مادە(2)و(97)،..لەهەموان سەرنج ڕاکیش تر لەدەستوری (بەنین) سوێند بەخواو (روحی پیشینان)دەخوا کە گوزارشە لە فلسفەی (تناسخ الارواح. )

بۆیە لەدەستوری کوردستان پێویستە لەدیباجەو مادەکانی ناوەوە مادەی ئاینی وا تۆماربکا هەم پەروەردە و پتەوی ئینتمای نیشتمانی بێت هەم هاندەری پێکەوە ژیان وگەشەو دادگەریش بێت.

هەر ئەوەش یارمەتیدەرەکی سەرەکی دەبێت بۆ دەستپاکی و دژە گەندەلی لە هەرێم سیاسەت وبازرگانی تێکەلی یەکتر کراوە , بۆیە مادەی دەستوری پێویستە بۆ لێکجیاکردنەوەیان , وەك لەدەستوری ئیمارات مادەی (62) جەخت لەو خالە دەکاتەوە , ,خۆش بەختانە لە هێلە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتیش (کابینەی 9) هاتوە .

### سەرچاوەکان


بول دیفیز-الاقتراب من اللە ,ت:منیر شریف ,المرکز القومي للترجمة /القاهرة ط1 2010م.

توماس هوبز- اللفیاثان الاصول الطبیعة والسیاسة لسلطة الدولة , ت:دیانا حبیب ,هیئە ابوظبی للثقافات /ابو ظبی ط1 2011م.

غوستان لوبون –الاراء والمعتقدات ,ت: عادل زعیتر ,مؤسسة هنداوی /القاهره -ط1 2014م.

مجلة کلیة الاداب –جامعة بغداد : شریعة حمورابی ت:محمود الامین, شرکة دار الاوراق /لندن ط1 2007م

الجرجانی –ابو الحسن علی الجرجانی , دار الشؤن الثقافة العامة /بغداد 1986م

کۆمەلە رێکخراوەکوردیەکان لە بەلگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانو فرانسادا , و:د نجاتی عبداللە ,چاپخانەی شڤان/سلیمانی ب12007ز.

د محمد عمارە - معرکە المصطلحات , نهضة للطباعة /القاهرة بدون سنە وطبع.

بدلیسی, میر شەرەفخانی –شەرەفنامە ,وەرگیرانی:هەژار موکریانی ,بلاوکراوەی ئاراس ج3 2006ز .

الموسوعة العربیة –اشراف:دمحمدعزیزشکری , ,مؤسسة الصالحانی للطبع /دمشق . ط1 2004م

وجدی, محمدفرید-دائرە معارف قرن عشرین ,دار الفکر/بیروت 1971 مادە:دستور.

د.ولید حمدی , الکرد وکرستان فی الوثائق البریطانیة , مطابع سجل العرب.1992م

د.کەمال مەزهەر- کورد و کوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانی , چاپخانەی گرین گالۆری /لبنان .ب1 چ1 2008ز

د سعد اسکند بشیر: من تخطیط الی التجربة(سیاسە بریطانیە العظمی تجاە مستقبل کردستان)-مطبعە شفان /سلیمانیە..2007ز.

تقریر بعثة الأمم المتحدە للإدارە المؤقتة في کوسوفو(UNMIK) ، 10/6/1999 صکوك الدولیة لحقوق الانسان.

الحسنی, عبدالرزاق- العراق فی ظل المعاهدات ,ط6 مطبعة دار الکتب /بیروت ج2. 1983.

مس بيل- العراق فى رسائل مس بيل ,ت:جعفر خياط .دار الحرية للطباعة 1977م

هنرى فورستر -نشأه العراق الحديث-ت: سلم طه التكريتى، ط1، بغداد.ج1 1989م.

الجبوري , أنورعلى -دور المثقفين فى ثورة العشرين –رسالة ماجستر–، كلية الأداب –بغداد بأشراف: د.فاضل حسين. 1989م.

ولايه موصل (تقرير لجنه عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركى –البريطانى حول ولاية الموصل ) مراجعة وتحقيق: عبدالرزاق محمودالقيسى, مطبعة رنج سليمانيه -2009م.

عبدالرزاق محمدى اسود- موسوعه العراق السياسيه، ، ج2، دارالعربية للموسوعات بيروت ط1 1986.

المعهد الدولى لحقوق الانسان (جامعه دى بول )-الدساتير العراقية ودراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستوريه الدولية ط1 2005م.

موفق بنى المرجة –صحوه الرجل المريض ,مؤسسة صقر الخليج /كويت 1984م.

سعدسلوم –السياسات هالاثنيات في العراق ,مؤسسة مسارات للتنميه الثقافيه /بغداد 2014م

معهد السلام الامريكي (حل النزاعات بين الاديان) –مركز التعليم والتدريب- 2008 م.

أمين سعيد- الثورة العربية الكبرى -ج1، مكتبة مدبولى /القاهرة 1999م.

شيبانى ,دكتور طلعت-القوى المؤثره في الدساتير وتفسير دستور العراقى , مطبعه العانى /بغداد 1954م.

د عثمان على- الكرد فى الوثائق العثمانيه مطبعه خانى/دهوك گ1 2010م

فلاديير تومانوف واخرون –القانون والاشتراكية , دارمكتبة الجيل بدون جهة ودوله 1969م.

المعهد الدولى لقوق الانسان (جامعة دى بول-الدساتير العراقية ودراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستوريه الدولية , تقديم : محمود شريف بسيونى ,ط1 2005م

ارنت ليبهارت –الديمقراطيه التوافقية في المجتمع متعدد, معهد الدراسات الاستراتيجية /بيروت 2006م .

دستور بلجيكا الفيدرالية ت:خسرۆ بوتانى و د جلال جاف ,ط1 دار اراس للطباعه والنشر /اربيل 2008م.

مؤسسة فريدريش –القانون الاساسي لجمهورية المانيا الاتحادية , ت: خليل ابو عياش واخرين 2002م.

دمنذر الفضل-مشكلات الدستور العراقى , دار اراس للطباعه والنشر /اربيل ط1 2010م.

مجموعه وقائع كوردستان , مطبعه( خانەى اربيل) للطبع والنشر/ اربيل ,ط1 2012م

دیداری زانکۆی سەلاحەدین (لە پیناو دەستوریك بۆ هەریمی کوردستان,چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین/هەولیر چ1 2015ز.

)مجموعه القوانين والقرارات الصادره عن المجلس الوطنى لكوردستان العراق –للفتره 1992/6/4 لغايه 1992/12/31) ج1، ط1 1997.

وقائع ندوة المؤسسة اللبنانية للسلم الاهلى ومؤسسة كونراد-صياغة الدساتيرفي تحولات الديمقراطيه ,اشراف:انطوان حسرة ,منشورات المؤسسة اللبنانية للسلم الاهلي /بيروت 2014م.

مسعودعبدالخالق(1-چارەنوسی فیدرالی لەدوای دەرچوونی عیراق لە بەندی (7) 2010ز 2–چاپکراوەکانی دەزگای ستاندەر ژ(9) 3- مەوسوعەی جودی , چ2 2015ز نوسینگەی تەفسیر/هەولیر ب1. 4- رۆلی عەلمانی لەدروست بوونی مەینەتی کورد 2014ز چاپخانەی رۆژهەلات /هەولیر 4- ناوخۆش, سەلام دەقەکانی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر،چاپخانەی مناره/هەولیر چ3 2009ز 5-ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان 2014ز , کتیبخانەیحاجی قادر کۆیی/هەولیر. 6 -الملف القانونى (حق تقرير المصير لشعب كوردستان وفق القوانين الدوليه ,2014م 7- –مەوسوعەی جودی , ب1 چ2 نوسینگەی تفسیر/هەولیر 2014ز .) 8- ناسنامەی کەرکوك, چاپخانەی موکریانی /هەولیر چ1 2013ز) .

د كطران زغير نعمة (واخرين) –النظرية العامة القانون الدستورى والنظام الدستوري في العراق , شركة العاتك/القاهره ط4 2011م.

ابو القاسم الفردوسى –الشاهنامة ,ت:الفتح بن على البندارى , مطبعة الكتب المصرية/القاهرة ط1 1932م.

انورجندي- معلمة الإسلام , دارالصحوة للنشر/القاهرة 1989م.

بسيونى , ا د محمودشريف –الدساتير العربية , ,كلية الحقوق بجامعة دى بول ط1 2005م.

النصوص الصادرة عن السيد السيستاني في المسألة العراقية,اعداد:حامدخفاف ط 2009م.

د صالح جوادالكاظم –النظام الدستوري في العراق , مكلية قانون والسياسة/بغداد1981م.

ش سامى –قاموس تركى ,اقدام مطبعة سى 1317ھ مادەسی :دستور .(ئەو قاموسە بەزمانی تورکیە).

تقرير اللجنة الخاصة المعنية بحالة تنفيذ إعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة عن أعمالها خلال عام ٢٠١٠ - الوثائق الرسمية

الجمعية العامة الدورة (65): الملحق رقم ٢٣ .
https://undocs.org/pdf?symbol=ar/A/65/23(SUPP)

دەستوری هەمووارکراو بەana yasa- siyasi rehber – Ankara 1983
بڕیاڕی ژ:2709ی 7-11-1982

CONSTITUTION OF THE FEDERAL DEMOCRATIC - REPUBLIC OF ETHIOPIA

https://www.wipo.int/edocs/lexdocs/laws/en/et/et007en.pdf

هەروەها سود لەو سەرچاوانەش وەرگیراوە 1 Encyclopedia of - Philosophy 2- Amodern Dictionary Political Analiysis- geoffr Roberts 3-EncyclopædiaBritannica.

**تقرير اللجنة الخاصة المعنية بحالة تنفيذ إعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة عن أعمالها خلال عام ٢٠١٠ - الوثائق الرسمية**
**الجمعية** العامة الدوره (65): الملحق رقم ٢٣ .
https://undocs.org/pdf?symbol=ar/A/65/23(SUPP)

دەستوریana yasa- siyasi rehber – Ankara 1983
هەمووارکراو بە بڕیاڕی ژ:2709ی 7-11-1982

CONSTITUTION OF THE FEDERAL DEMOCRATIC REPUBLIC OF ETHIOPIA

https://www.wipo.int/edocs/lexdocs/laws/en/et/et007en.pdf

Encyclopedia of Philosophy 2- Amodern Dictionary Political Analiysis- geoffr Roberts 3-Encyclopædia Britannica.